# دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا

د . تەلار علی امین
Talar.amen@univsul.edu.iq
بەشی جوگرافیا –زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی

پ .د. جەزا توفیق تالب
jaza.talb@univsul.edu.iq
بەشی جوگرافیا–زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٥\١٢ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٧\٢١

**کلیلی وشەکان :** دەستپێشخەری پشتێنەوڕێگا، ڕێگای ئاوریشمی ، بازاڕی ئۆراسیا، پرۆژەی ژێرخانی ئابووری، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پشتێنەوڕێگا، کوردستان لەهێڵی ئاوریشمیدا،The Belt and Road .

## پێشەکی

چین زەنگی قۆناغێکی نوێی دا بەگوێی جیهاندااو پەردەی لەسەر خواستی خۆی بۆ ڕۆڵ بینین لەسیاسەتی نوێی نێو دەوڵەتی **لادا**، بەدەستپێشخەرییەک = پرۆژەیەک " پشتێنەو ڕێگا" ،لەناوەرۆکدا بریتییە لەزیندوو کردنەوەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی کۆن کە وڵاتی چینی دەبەستەوە بە جیهانی دەرەوە بۆماوەی زیاتر لەدوو هەزرا ساڵ ،چین دووبارە دەخوازێت سەرلەنوێ پەیوەندیە ئابووری و ڕامیاری و فەرهەنگییەکانی جیهان بچنێتەوە لەڕێگەی هەردووڕێگای وشکانی و ئاوی، ئەم دەستپێشخەریە نوێیە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕی تا لە ساڵی 2013 (لی جین بینگ) پرۆژەکەی وەک پرۆژەیەکی ستراتیجی هەمەلایەنی درێژخایەن ڕاگەیاند، ئامانجی دەستپێشخەریەکە بەستنەوەی چینە بەڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و ناوەڕاستی ئەورووپاو ئەفریقیا بەهۆی دوو ڕێگای سەرەکی، یەکەمیان " پشتێنەی ڕێگای ئاوریشمی وشکانی "و دووەمیان " ڕێگای ئاوریشمی دەریایی " ە . مەبەست لە پشتێنە " پشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشمیە لە وشکانیدا "، چین دەخوازێت تۆڕێکی فراوانی فرەلق لەهەموو ڕێگا سەرەکی و لاوەکییەکانی بنیات بنێت و بیبەستێتەوە بە ناوەڕاستی ئاسیاو ڕووسیاو تورکیاو دەریایی ناوەڕاست ،سەبارەت بە " ڕێگای ئاوریشمی ئاوی سەدەی بیست و یەک " ئامانجی بنیاتنانی تۆڕێکی ئاوییە لەڕێگەیەوە کەناراوەکانی چین

بەئەوروپاوە ببەستێتەوە . پرۆژەکە چەندین تۆڕو ڕێگای نوێ و هێڵی ئاسنین و بۆری نەوت و غازو هێڵی وزەی کارەباو ئەنتەرنێت و هێڵی ژمارەیی و چەندین ڕێگاوبانی جۆراوجۆری ژێرخانی ئابووری لەخۆ دەگرێت، هاوکات هەوڵی دامەزراندنی دامەزراوەی جێگرەوە دەدات بۆ ئەو دامەزراوە حکومییە جیهانیانەی فشاری دەخەنە سەر، وەک بانکی گەشەی ژێرخانی ئاسیا کەوەک بانکێکی جیهانی بۆ ئاسیا وبانکی گەشەی نوێ کەبەناوی BRICSبریکس ە ( کورتکراوەی پیتی یەکەمی ئەو وڵاتانەی کەخاوەنی خێراترین گەشەی ئابوورین: بەرازیل - ڕوسیا – هندستان – چین و باشووری ئەفریقیا) ، ئەمە جگە لە سندوقی ڕێگای ئاوریشمی .

### گرنگی توێژینەوەکە

: 1- گرنگی ئەم بابەتە لەڕۆڵی پرۆژەکەدا خۆی دەنوێنێ کەچ کاریگەریەکی ئابووری دەخولقێنێ ، ئەم ڕۆڵەش پەیوەستە بەچەندین بواری ژیاری و پسپۆری جیاواز، بێ گومان جوگرافیایی مێژوویی و جوگرافیای سیاسی و ئابووری بەشێکن لەم بوارانەکەدەکرێت توێژینەوەی جۆراو جۆری لەسەر ئەنجام بدرێت، بێگومان ئەمەش واتای وایە کاریگەری فرە لایەن و جۆراو جۆری لەسەر پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەیە.

2-پرۆژەکە گوزراشت لە هەژموونی ئابووری چین دەکات، بەوپێیەی کار لەسەر وەبەرهێنان دەکات لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و تۆڕێکی مەزنی جۆراو جۆری گەیاندن ،دەخوازێت لە ڕێگایەوە سەر لەنوێ پەیوەندیە هەرێمی و نێو دەوڵەتییەکان ڕێکبخاتەوەو دەخوازێت بەهۆیەوە ڕۆڵ لە سیاسەتی نێودەڵەتیدا بگێڕێ بەگشتی و لە وڵاتانەی پرۆژەکەیان پیادا تێدەپەڕێ.

3- پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان و ئەو کاریگەرە ئابووری و سیاسیانەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، چونکە چین کاردەکات بۆئەوەی سوود لەم ناوچانە ببینێت وەک ڕێگای هێڵەکان و سەچاوەی وزە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: 1- یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دامەزراوە زانستییەکان و ناوەندەسیاسییەکان و سیاسەتمەدارانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هەر سەردانێکی فەرمی لەسەر ئاستی باڵای وڵاتی چین بۆ ئەو وڵاتانەی دەکەونە سەر هێڵی پرۆژەکە پەرچەکرداروترس و دڵەڕاوکێی هێزە نێودەوڵەتییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت .

2- هێزەکان تێڕوانینیان وایە کە چین دەیەوێت ئەم پرۆژەیە بکاتە دەروازەیەکی ستراتیجی بۆ باڵادەستی جیۆسیاسی هەژموونی خۆی لەسەر ئاستی سیستەمی جیهانی و هەرێمی ، کاردەکات بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە وەک ڕەگەزێکی گرنگی کرانەوە بەڕووی جیهاندا بەکاربهێنێت.

میتۆدی توێژینەوەکە: سروشتی بابەتە کە مێژوو ،ئابووری ،جوگرافیای سیاسی لەخۆ دەگرێت ،ناچارمان دەکات پشت بەچەند میتۆدێک ببەستین سەرەکی ترینیان میتۆدی مێژوویی ( وەسفی ) و (شیکاریە).

ئامانجی توێژینەوە: ناساندنی پروژەی پشتێنەو ڕێگاو ئامانج و بەربەستەکان وکاریگەری ئەم پرۆژەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کاردانەوە ئەرێنی و نەرێنیانەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێت .

گریمانەی توێژینەوەکە:یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەهۆی گەورەیی وسروشتی پرۆژەکەو هەڵکشانی چین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەگەری گۆڕانی نەخشەی هێزلەلایەک،لەلایەکی ترئامانجە ڕاگەیاندراو و شاراوەکانی دەیخەنە بەردەم بەربەستی گەورە کەڕێگری بۆجێبەجێکردنی دروست دەکات و ئەمەش دەمانخاتە بەردەم گریمانەی :


1- چین لەڕێگەی ئاوریشمی نوێوە دەیەوێت پشبرکێیی زلهێزەکانی جیهان بکات بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
2- پرۆژەکە هاوکاروپارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆبالادەستی وسەپاندنی هەژموونی سیاسی وئابووری لەجیهاندا،کەئەمەش جێی نیگەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە :لەپێشەکیەک و دووتەوەرەو دەرئەنجام پێکهاتووە ،لەتەوەرەی یەکەمدا ئاماژە بەمێژوو جوگرافیایی ڕێگای ئاوریشمی کۆن کراوەوپاشان ئەوپاڵنەرانەی پاڵیان بەچینەوە نا پرۆژەی پشتیێنەوڕێگا ڕابگەیەنێت وگرنگترین ڕێگاکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە ، لەتەوەرەی دووەمدا بەوورد ی ئامانجەجۆراوجۆرەکانی چین ڕونکراوەتەوەو ئەو بەربەستانەش کەبەدوای خۆیدا دەهێنێت ، ئەمە جگە لەئاماژەیەکی کورت بەپێگەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و کوردستان لەم پرۆژەیەدا ، لەئەنجامدا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ئابووری جیهانیەو چین دەخوازێت لەڕێگەیەوە ڕۆڵ لەسیاسەتی نێودەوڵەتی ببینێت ، لەم پرۆژەیەدا هەندێ ناوچە پردی سەرەکین وهەندێ ناوچە وەک ناوچەی هەڵواسراو دەمێنێتەوە.

**خەسڵەتە جوگرافییەکانی چین : شوێنی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی)**

واتە شوێن بەپێیی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، سەبارەت بەگرنگی شوێن بازنەکانی پانی بایەخیان زیاترە چونکە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەشوهەوای دەوڵەت هەیەو چاڵاکییە مرۆییەکانی دانیشتوان، شوێنی چین دەکەوێتە نیوە گۆی باکوری زەوی و نیوە گۆی رۆژهەڵات لەنێوان بازنەکانی پانی (18º – 53º) باکور ئەمەش 35 پلەی پانیە و دەبێتە هۆی بوونی کەشوهەوای هەمەجۆر ئەمەش واتای بەرهەم هێنانی فرە جۆری کشتوکاڵی و هەمەجۆری چاڵاکییە ئابوورییەکان وئابووری نیشتمانی بەهێز دەکات، هەروەها دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (74 ºرۆژهەڵات – 134 º رۆژهەڵات ) دووری نێوان باکورو باشوری (5500) کم ،پارێزگای (فوی وان ) دورترین زەوی چینە لەرۆژهەڵاتەوە ، بانی (بامیر) یش دورترین خاڵی رۆژئاوایە ،دوری نێوان رۆژئاواو بۆ رۆژهەڵات (5200) کم لەباکورەوە بۆ باشور(اسلام عصمت السید قندیل ،المقومات ،2020، 193) .

نەخشەی ژمارە (1) ڕووبەرو سنوور ی چین




ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە https:// wordmap. Maps.arcgis.com/home/index.html

شوێنی جوگرافی مەبەست لەو پەیوەندیانەیە کەخاکی وڵاتێک بەدیاردە جوگرافی و ناوچەکانی دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە چین پێگەجوگرافییەکەی دەیکاتە خاڵێکی بەستەری گرنگی جیهانی و دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیاو دەڕوانێت بەسەر کەناری ڕۆژئاوای ئۆقیانوسی ئارام، بەگشتی ڕووبەرووی چین (9،640،821) کیلۆ مەترچوار گۆشەیە، بەمەش لەڕووی ڕووبەرەوە لەدوای وڵاتانی ڕوسیاو کەنەدا دێت و بەسێەم وڵاتی جیهان دادەنرێ (شیوی قوانغ،1987،1) .

ئەم ڕووبەرە فراوانە بو بە هۆی ئەوەی چین بەژمارەیەکی زۆر دراوسێ دەورە بدرێت کەژمارەیان دەگاتە 14 وڵات ،ئەوانیش : لەباکورەوە ڕوسیاو قەرغیزستان و مەنغولیاو کازاخستان، لەباشورە لاوس و فیتنام ودەریایی باشوری چین ، لەڕۆژهەڵاتەوە دەریای ڕۆهەڵاتی چین وکۆریایی باکورو دەریایی زەرد، لەڕۆژئاواوە تاجیکستان وهندستان وپاکستان ،ئەفغانستان ،مەنگۆلیا ،میانمار بۆتان، نیپاڵ (ئەردەڵان عەبدوڵا،2010،12) ، لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی دراوسێ سنورێکی گەورەی دەریایی هەیە کەدەگاتە(14،500) کیلۆمەتری دووجا، کەدەکەوێتە بەشی باشورو باشوری خۆرهەڵاتی، جگە لەم سنورە ئاوییە، لەبەشی خۆرئاواو باشوری خۆرئاوای چەندین زنجیرە چیاوگردوبەرزاییەکی زۆر سنوریان گرتووە، لەکاتێکدا لەبەشی باکوریەوە بیابانێکی وشک و بێ ئاو داپۆشیوە، لەگەڵ ئەمەش لەناوسنوری خۆیدا چەندین ڕووبارو دەریاچەی ئاوی هەیە ، چین لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بەپلەی دووەم دێت لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان ،بەپێیی ئاماری ساڵی 2018 دەگاتە (1،400) یەک ملیاروچوارسەد ملیۆن کەس و چڕی دانیشتوانی 132 کەس بۆیەک کم [2] ئەمەش کاریکردۆتە سەر قورسایی هێزی سیاسی و سەربازی چین وایکردووە کەوەک دەوڵەتێکی مەزن هەژمار بکرێت.(شیوی قوانغ ، 1987،1، نبیل نللو،2015 ، 429،428).

تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندە کەتواری و(واقعی ) و ستراتیجیەکانی پرۆژەی پشتێنەوڕێگا

1-1 : مێژووی ڕێگای ئاوریشمی

ڕێگای ئاوریشمی ئەو نازناوە بوو لە کۆمەڵێ ڕێگای وشکانی و ئاوی نرابوو کە کاروان و بەلەمە بازرگانییەکان دەیانگرتەبەر لەنێوان چین و ئەوروپادا بۆ بازرگانیکردن بە چەندین کەلوپەل بەتایبەتیش ئاوریشم، پاشان بازرگانی بەهارات و بۆن و چەندین شمەکی تر، دەستپێشخەری پشتێنەوڕێگا زیندوکردنەوەو نوێکردنەوەی ڕێگای ئاوریشمی چینی کۆنە کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، ئەوکاتەی چین کرمی ئاوریشمی دۆزییەوەو تاڵی ئاوریشمی لێدروست دەکرد، سەرەتا ئەم داهێنانە تەنها بۆ ناوخۆی چین و فەرمانڕەواکانیان بوو، ڕێگەنەدەدرا هەناردە بکرێت، بەڵام پاش گەشەکردنی بازرگانی چین ئەم بازرگانییە بوبە یەکێک لەبابەتە گرنگەکان و ناونیشانی ڕێگای بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتاندا، مێژووی گەشەکردنی ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ( هان 206 پ . ز – 220 پ.ز) قوناغێکی نوێ لەمێژووی چین و بازرگانی دەستپێیکرد، ئەم هەنگاوەش لە تۆمارە مێژووییەکانی ڕۆژئاوا لەسەدەی سێیەمی پێش زاینەوە ئاماژەی پێکراوە، زانایانی جوگرافی ڕۆمان بەچینیان دەوت (( وڵاتی سیرکا)) سێرکا واتە کرمی ئاوریشم ئیتر لێرەوە ئەمە بوو بە ناونیشان بۆ چینی کۆن بەتایبەتی کەبنەماڵەی هان گرنگیەکی تایبەتیان دەدا بەبازرگانی دەرەکی ولەم قۆناغەدا شێوازی بازرگانی کردن ڕێکخراوەتەوەو ڕێکخستنەوەی بازرگانی ڕێکخستنەوەی سیاسی بەدوای خۆیدا هێناو چین ناچار بوو سنورێک بۆئەو هێرشانەی دەکرانە سنوری باکوری ڕۆژئاوا لەلایەن هۆزەکانی (هۆن) (تشونج تو) دابنێ لەپێناو کردنەوەی ڕێگای بازرگانی پاش سەرکەوتن بەسەر

هێزەکاندا کەوتە پیادەکردنی زنجیرەیەک ڕێوشوێن بۆ پاراستنی سنورەکانی وئاسایشی بازرگانی دابینکرا (نادیە کاظم العبودي،2019،29-34،اسلام عصمت السيد قنديل ،طريق ،2020،8) ، سەبارەت بەناونانی ڕێگاکە دەگەڕێتەوە بۆ زانای جیۆلۆجی بەڕەگەز ئەڵمانی بارۆن فردیناند فۆن ڕیشتهۆفن 1877 ئەم ناوەی بەسەر ئەم ڕێگەیەدا دابڕی و بەهۆی ئەو بازرگانییە گەورەیەی ئاوریشم کەدەکرا (عبدالله عشاش ،207،2019) . جموجۆڵی بازرگانان لەم ڕێگەیەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی شارستانیەتە دێرینەکانی وەک میسروچین و ڕۆمانیاو هندستان هەبوو و ببوە خاڵی بەیەکگەیشتنو بەریەککەوتنی ڕۆشنبیری شارستانیەتە کۆنەکان و ئاڵوگۆڕی هزری و ڕۆشنبیری کەلتوورە جیاوازەکان، ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە گەشەکردنی چەندین شاری کەناراوی (قاسم محمد عبيد وربا عبدالحسين مانع،4، 2020 ، زینب عبدالله ،5،2019). ڕێگەی ئاوریشمی یاهێڵی ئاوریشمی کۆن یەک ڕێگانەبوو بەڵکو تۆڕێکی فراوان بوو لە چەندین ڕێگای ئاوی و وشکانی سەرەکی و چەند ڕێگایەکی لاوەکی پێک دەهات، هەموو ڕێگاکانیش دەچونەوە سەر دوو ڕێگای بنچینەیی ئەوانیش : هێڵی هاوین و هێڵی زستانە بوون، سەبارەت بە هێڵی هاوینە (هێڵی باکور) سنوری ڕێگەی ئاوریشمی لەبنکە بازرگانییەکانی باکوری چینەوە دەست پێدەکات و دەبێت بە دوولقەوە لقی باکوور بەناوچەی بلگار- کیبتشاک و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا ونیمچە دورگەی کریم تێدەپەڕێت و بەرەودەریای ڕەش و دەریای مەڕمەڕەو بەڵکان ودەگاتە شاری ڤینیسیا ، بەلام هێڵی زستانە (هێڵی باشور) بەتورکمانستان و خوراسان و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو کوردستان و ئەنادۆڵ تێدەپەڕی و بەرەو ئەنتاکیەو دەریایی ناوەراست وڵاتی شام بۆ میسرو باکوری ئەفریقیا ،بەم پێیەش ڕێگای ئاوریشمی لە چینەوە دەست پێدەکات و بە تورکستان و خوراسان و کوردستان وسوریاو میسرو وڵاتانی باکوری ئەفریقیادا بەرەو ئەوروپا تێدەپەڕێت (وفاءكاظم عباس الشمرى ،303، 2019، ماهو طريق الحرير الصيني ، https// www .alweeam .com .sa / 4222200)، بەلام بەتێپەڕبونی کات ئەم ڕێگایە بایەخی خۆی لەدەست دا بەهۆی چەندین هۆکاری وەک داگیرکردنی کەستەنتینە لەلایەن تورکەکانەوەو جەنگی ڕوس وعوسمانییەکان کەئاسیای ناوەندی کردە گۆڕەپانی جەنگ جگە لەدۆزینەوە جوگرافییەکان وسەرهەڵدانی کۆلۆنیالزمی ئەوروپی (نادیە کاظم العبودى ،2019، 61) ، پاش جەنگی دووەمی جیهان جارێکی تر چین کار بۆ ژیانەوەی ئەم ڕێگایە دەکات ،سەرەتای وەرچەرخان لەسیاسەتی دەرەوەی چین : تیۆرەکەی ئەلفرێد ماهان دەربارەی هێزی دەریایی تێروانینی هێزەکانی گۆڕی سەبارەت بەگرنگترین خاڵەکانی هێز بۆ کۆنترۆلکردنی دەریاکان ،ئەم تێۆریایە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەدارشتنەوەی سیستمی جیهانی نوێ وسەرخستنی ئەمریکا وەک هێزی باڵادەست، لەئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی خێرادا دەبینین پاش ئەوەی ئەمریکا کەناڵی پەنەمای لێداو ڕێڕەوێکی ئاوی نوێی دروستکرد ئەمە هاوکار بوو بۆ دەست گرتن بەسەر کوباو پاشان فلیپین دواتر هەنگاو بەهەنگاو دەستی گرت بەسەر ڕێڕەوە بازرگانییەکاندا ،ئەمەش ململانێی نێوان هێزە ئەوروپییەکان وئەمریکای هێنایە ئاراوە بەلام جەنگی نۆکەندی سوێس 1956و قەیرانی کوبا1962 ئەم ململانێیەی لەبەرژەوەندی ئەمریکا یەکلایی کردەوە (معتزعلى 2،2019، افتتاح خط سكة حديد يربط تركيا واذربيجان ،2017، www. Alaraby .com .uk لێرەوە ئەمریکا جوڵەی بازرگانی دەریاکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو (ابراهيم سيف منشاوى ،1،2021) بوبە هێزی پاوانخوازی کەناڵە ئاوییەکان و دەرگای بۆ باڵا دەستی دۆلاری ئەمریکی وەک دراوێکی جیهانی کردەوە، سوربون و بەردەوامی ئەمریکا لەسەرئەم سیاسەتە جموجۆڵەکان وکارلێکەکانی چینی لەناوخۆو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بزواندوو گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا تا ئەو ڕادەیەی لە ساڵی1978 بڕیاری چاکسازی لەناوخۆو کرانەوەی بەڕووی دەرەوەدا بدا ودەرگای بەڕووی وەبەرهێنەری دەرەکیدا کردەوە، لەهەنگاوێکی تردا ئابووری سۆشیالستی ئاڕاستە کراوی ڕتکردەوەو بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی نا بەلام بەمۆرکێکی

چینی (ئەیوب ظاهرتوفیق ،2021،46،25 ، محمد العربی ،1،2024 ) ئەم بڕیارە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆگەشەکردن و باڵا بوونی ڕۆڵی چین وەک هێزێکی گەشەکردووی جیهانی (عبدالله عشاش ،2019،197) ، تا ئەو ڕادەیەی ( دیڤد مان ) گەورە ئابووریناسی نێودەوڵەتی لەبانکی (ستاندارد چارترد ) بڵێ " لەکۆتایی حەفتاکانەوە تا ئێستا گەورەترین موعجیزەی ئابووریمان بینی لەمێژوودا" (فیرجینیا هاریسون و دانییل بالمبو ،2019،2 ) . لەکاتێکدا چین بەرەو ئەوە دەچو کە ببێتە وەرشەیەکی جیهانی، ساڵی 1991 یەکێتی سۆڤێت هەرەسی هێنا ئەم کەتوارە واتای لاسەنگی هێزبوو بۆیە زۆر دەوڵەت هەوڵی بەهێز کردنی پێگەی خۆیاندا بەمەبەستی گۆڕانکاری لە باڵانسی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، بێگومان ئەم جوڵەیەش بەستراوە بە بنەما سروشتی و مرۆییەکانی هەر دەوڵەتێکەوە هەیە، چین ئەو هێزە بوو کە بنەما جوگرافی و سروشتی و مرۆییەکانی هێزی پێدەبەخشی، لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە ئامانجەکانی چین دەستی پێکرد، پاش کۆتایی جەنگی ساردو ئەو گۆڕانە ریشەییانەی هاتنە ئاراوە لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فرەبوونی بژاردە دەرەکییەکان لەبەردەم چیندا گەیشتنە ئەو ڕادەیەی بەشێک لە هاو پەیمانییەکانی گۆڕراو ئەو فشارەی هەبوو لەسەریان بەهۆی جەنگی ساردەوە نەما، لەم پێواژۆیەدا چین چەشنێک لە ئابووری پەرەسەندوو کرانەوەی ڕامیاری بەخۆیەوە دەبینێت بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی (محمد العربی ،1،2024 ، سالی نبیل شعراوی ،2018،33)، هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت، قۆناغێکی نوێ لە ئامانجەکانی چین لەلایەک و یەکگرتنەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی تورکیا لەلایەکی تردا دواجار نزیک بونەوەیان هێنایەئاراوە، تورکیا سەر لەنوێ کەوتە کەڵکەڵەی ئیمپراتۆریەتێکی تورکی و یەکگرتنەوە لەگەڵ نەتەوە تورکمانەکان و کەوتە پەلکێشان بەرەو تورکمەنەکانی ناو کۆمارەکانی دەوروبەری دەریایی قەزوین ( هەندێک ئەم هەنگاوە بەیەکەم هەوڵی نوێکردنەوەی ڕێگای ئاوریشمی دادەنێن ) (صباح جاسم محمد الجنابی، 2021،31 ،احیاء طریق الحریر، https// stuaies.aljazeera.net.) ئەم دۆخە بەردەوام بوو تاساڵی 1993 ئەو کاتەی یەکێک لە کەشتییە بار هەڵگرەکانی چین لەلایەن ئەمریکاوە دەستی بەسەردا گیراو پشکنینی بۆکرا بەبیانوی گواستنەوەی کەرەستەی ئەتۆمی بۆ ئێران، ئەم ڕووداوە بو بە خاڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی و گۆڕانی ڕیشەیی لە تێڕوانینە سیاسی و ستراتیجیەکانی چیندا،بەتایبەتی کەبازرگانی چین لەگەشەیەکی بێ وێنەدابوو لەبەر ئەمە بەکردار دەستیکرد بە گەڕان و دروستکردنی ڕێگای بازرگانی نوێ کە لە ژێر ڕکێفی چیندا بێت، مەبەستی سەرەکی ئەم هەنگاوەو کردنەوە ی ڕێگای نوێ پەراوێز خستنی پاوانخوازی ئەمریکا بوو لەسەر بازرگانی جیهانی هاوکات وەک هەنگاوێکی پێویست بۆپاراستنی ئاسایشی نیشتمانی چین،پاشان دەستیکرد بەلێدانی چەندین کەناڵی ئاوی جێگرەوە لە نیکاراگوا و تایلەند بۆ دەربازبون لە کۆنترۆڵی ئەمریکا، بەڵام هێندەی نەبرد فشارە قورسەکانی ئەمریکا بۆ سەر نیکاراگواو تایلەند دەستی پێکردو پرۆژەکان ڕاگیران، چین دەستبەرداری هەنگاوەکەی نەبوو دەستیکرد بەبنیاتنانی پرۆژەی ڕاڕەوی (چوادر) کە ڕۆژئاوای چین بەبەندەری چوادر دەبەستێتەوە، کەدەکەوێتە سەر ڕووباری عەرەب لەپاکستان (معتزعلی ،2019،2، افتتاح خط سکة حدید یربط ترکیا واذربیجان ،2017، www. Alaraby .co .uik) . لەسەر ئاستی جیهانیش هەوڵەکانی چڕکردەوە مەبەستی بوو بەخێرایی کات تێکبشکێنێت و لەئابووری جیهانی ئاوێتەبێت و ڕۆڵ لە پاراستنی ئاشتی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی ببینێت،تا ئەو ڕادەیەی لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا ئاماژە بە گۆڕانی هێز بکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی باڵابوونی بەرژەوەندی هێزە گەشەکردوەکانی وەک (Brics ) ئەمەش پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی گۆڕی بەپشت بەستن بەبنەماکانی هێزی چین (ویکن فازیە ،2019،124) ، ئەم دۆخە نوێیە ئەو دیدەی لای سیاسییەکانی چین دروستکرد کە پێویستیان بە کاری هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی ئاسیایی ناوەندو باشوری قەوقاز هەیە، ئەمەش وای لەسەرۆک وەزیرانی چین ( لی بینگ ) کرد لە گەشتێکی بۆ وڵاتانی ئاسیایی ناوەند لە

ساڵی 1994 پێشنیازی کاری هاوبەش بکات وەک یەکەم سیاسی چین، لەم قۆناغەوە داواکردنی کاری هاوبەش و نوێکردنەوەی هێڵی ئاوریشمی کۆن دەبێتە پێویستی ،تەنها چینییەکان پێشنیازی نوێکردنەوەی ئەم ڕێگەیەیان نەکردەوە، بەڵکولە ساڵی 1997 سەرۆک وەزیرانی یابان (هاشیمو تو ) پێشنیازی هاوکاریکردنی کرد لەنێوان وڵاتەکەی و وڵاتانی ئاسیایی ناوەند و باشوری قەفقاس ، لە ساڵی 2002 هندستانیش پێشنیازێکی هاوشێوەی کرد، لە2009 یەکێتی ئەوروپا پێشنیازێکی ڕونی کرد لەژێر ناونیشانی (بەرنامەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ ) بۆ ڕاکێشانی بۆری بەمەبەستی گواستنەوەی گازی سروشتی لەئاسیایی ناوەندەوە بۆ ئەوروپا ،بایەخی ئەم ڕێگایە پاڵی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوەنا لە2011 هەمان پێشنیاز بکات کەبە – ڕێگای ئاوریشمی ئاسنی ناسرا- ،(عزت شحرور ،2017،3)، هەموو ئەم داخوازیانە هیچیان لە دروشم تێنەپەڕین تا ( شوشن دا) جێگری سەرۆکی دەستەی باجی نیشتمانی وەک پێشنیازێک پێشکەشی وەزارەتی بازرگانی کرد، پاش لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردن (دەستپێشخەری پشتێنەو ڕێگا) بوو بەستراتیجی نوێی چین (عبدالله عشاش ،2019،206)، بەتایبەتی دوای ئەوچاکسازییە ئابووریانەی لەسەردەمی (دینگ شیاو بینگ ) ئەنجام درا بو بە زەمینە بۆ ئەم ستراتیجەو ڕووگەیان ئاراستەی دەرەوە کردو سەرۆکی پێشووی چین (جیانگ زیمین ) لەساڵی 2002 بڕیاری لەسەردا (احمد کاتب ،2018،23). ئەم پێواژۆ مێژووییەی ئاماژەمان پێکرد پاڵنەرو ڕەهەندەکانی چینی لەداڕشتنی ستراتیجی خۆید ا زوڵالترکرد.

2-1 : پشتێنەوڕێگا

لەڕێکەوتی 7ی ئەیلولی2013 ، چین زەنگە مەترسیدارەکەی لێداوئاماژەی بە سەرهەڵدانەوەی هێزی چین و قۆناغێکی نوێی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەفۆرمێکی نوێ ڕاگەیاند، ئەوکاتەی سەرۆکی چین (لی جین بینگ ) لەسەردانێکیدا بوو بۆ وڵاتی کازاخستان، لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتێک لەزانکۆی نزار بایف بەناونیشانی " گەشەی هاوڕێیەتی گەلان و خولقاندنی داهاتوویەکی جوان پێکەوە" تیایدا بە ڕون و زوڵالی پێشنیازی (بنیاتی پشتێنەیەکی ئابووری هاوبەشی بۆ ڕێگای ئاوریشمی کرد)، دوای ئەم ڕێککەوتە سەرۆکی چین بەردەوام بوو لەسەر خستنە ڕووی سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی هێندەی نەبرد پاش مانگێک لەم ڕاگەیاندنەو لە 3ی تشرینی یەکەمی 2013 لەسەردانێکی دی بۆ ئەندەنوسیا بەهەمان شێوە لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتێک لەبەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە سەر لەنوێ پێشنیازی بنیاتێکی هاوبەشی کرد بۆ ڕێگای ئاوریشمی ئاوی لە سەدەی بیست و یەک (احمد فواد حسین ،2019،245) . هەر دوای ئەم پێشنیازەو لە 9ی هەمان مانگدا ئەمجارە سەرۆک وەزیران ( لی کە چیانگ) لە کۆنگرەی شانزەی سەرانی ( ئاسیان 1 +10) لەچوارچێوەی هاوکاری 7+2 بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لە بوارە جیاوازەکاندا پرۆژەکەی ڕاگەیاند لەژێر ناوی هاوکاری دارایی ،هاوکاری ئاسایش و پەیوەندی نێوان گەلان وبنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و ئاماژەکردن بە ناوچەی بازرگانی سەربەخۆ لەنێوان چین و وڵاتانی باشوری ڕۆژ هەڵاتی ئاسیا(عدنان خلف حمید وهند زیادنافع ،2020،171) جگە لەلایەنی حکومی ،پارتی کۆمۆنیستیش ئەم پێشنیازەی لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتەکە لەمانگی تشرینی دووەمی 2014 تۆمار کردوە، هەرلەو ساڵەدا خراوەتە ناو ئەجێندای حکومەتەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە وەک یەکێک لەهەنگاوە حکومییەکان چین لوتکەیەکی تایبەتی بەست و تیایدا بیستوهەشت سەرۆکی وڵاتانی بانگهێشتکرد، لەنێوانیاندا (فلادمیر بوتن ) سەرۆکی ڕوسیا، (ئەنتونیۆ گوتیرس) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەئامادەبوونی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی (جیم یۆنگ کیم)، نوێنەری سەدو دە وڵات ، هێندەی نەبرد لە 28 ئازاری 2015 وەزارەتی دەرەوە بە فەرمی

دەستپێشخەریەکەی ڕاگەیاند. ( شناز بن قانە ،104،2019،سمیە بلحسن،29،2019) ئەم دەستپێشخەریە تاساڵی (2016) بە ناوی یەک پشتێنە .... یەک ڕێگا دەناسرا، بەڵام دواتر ناوەکە بەفەرمی گۆڕا بۆ " پشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشم " ،حکومەتی چینی ڕایگەیاند جەختکردنە سەر وشەی (یەک ڕێگا) ئەگەری هەڵەتێگەیشتن دروستدەکات ،لەبەر ئەمە ناوەکە کورتکرایەوە بۆ " پشتێنەو ڕێگا" کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی چین ڕۆڵی گەورەیان لەبانگەشەکردن بۆ ئەم دەستپێشخەریە گێڕا (نادیە کاظم العبودی،26،2019)، سەرکردایەتی وڵاتی چین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم دەستپێشخەریەیان بەسێ قۆناغ داناوە :

قۆناغی یەکەم : (2016 – 2013) قۆناغی بانگەشەو ئامادەکاری ستراتیجیە، قۆناغی دووەم: (2016-2019 ) قۆناغی جێبەجێکردنی ستراتیجیە، قۆناغی سێەم : (2019- 2049 ) قۆناغی هەڵسەنگاندنی ستراتیجی (عزت شحرور ،2017،2).

ئەم ستراتیجەش بەڕوونی لەبڕیارەکانی لیژنەی پارتی کۆمۆنستی چین ڕەنگی دایەوە و لەوکۆبونەوانەی کەلەنێوان 9- 12 تشرینی یەکەم لەبەکین بەستران،سێ بڕیار بەناوی هەنگاو بۆ پاڵپشتی کرانەوەی ئابووری دەرکران بەم شێوەیە :

1 -گرنگی دان بە ژێرخانی ئابووری و بنیاتنانی تۆڕێکی گەیاندن و گواستنەوە لەنێوان چین و وڵاتانی دراوسێدا.

2-بنیاتنانی دامەزراوەی دارایی بۆگەشەی هاوبەش .

3-پاڵپشتی بنیاتنانی پشتێنەی ئابووری کە ڕێگای ئاوریشمی پیاتێدەپەڕێت (وشکانی و ئاوی ) (قاسم محمد عبید وربا عبدالحسین مانع ،2020،5).

نەخشەی ژمارە (2)ڕێگای ئاوریشمی نوێ




https:// wordmap. Maps.arcgis.com/home/index.html ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە

c هەژموونی خۆی لەڕێگەی بنیاتنانی چەندین ڕێکخراوو

تۆڕی هاوکاری و وەبەرهینان و پێشخستنی ژێرخانی ئابووری ناوخۆو وڵاتانی سەر ئەم پرۆژەیە بەئامانجی پەلهاویشتنی وەک هێزێکی نەرم ئەمە جگە لەهەژموونی سیاسی، هاوکات ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی دەستپێشخەریەکە چین دەخاتە خولگەی ئابووری و سیاسی زۆر هێزی ئاسیایی و ئەوروپی و ئەمەش هەلی پەلهاویشتنی بۆ دەڕەخسێنێ دەتوانێت دەستبگرێت بەسەر چەندین ڕووبەری زەوی و لەوانەیە پەلبکێشێ بۆ ڕووبەری ئاویش (جبران سفيان وسعيد زيدان،2019، 172-176-199 )،لەلایەکی تر چین ئەم دەستپێشخەریە بە خاڵی گەیەنەر دادەنێت لەنیوان هاوبەشە ئابووری وسیاسییەکانی لە ناوچەکەدا، لەکاتێکدا لەقۆناغی پێشوودا وڵاتان بایەخیان دەدا بەڕێکەوتنی ستراتیجی هاوتەریب بەمە چەمکی هێزی سەربازی لە بواری پەیوەندییەنێودەوڵەتیەکاندا پێوەرێکی گرنگ بوو لەگەڵ هاوبەشەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری وپێشکەوتنانەی جیهان بەخۆیەوە بینی چین ئەم فۆرمەی تێپەڕاند،گرنگترییەکی چاوەڕوانکراوی تری ئەم پرۆژەیە ڕێڕەوی ئەم پرۆژەیە پردی ئۆراسیا کەبە بڕبڕەی پشتی ئەم پرۆژەیە دادەنرێت و سەنگی خۆی هەیە لەسەر نەخشەی هێزەکان ( عبدالله عشاش ،2019، 212) لەلایەکی تر هەر جوڵەیەکی چین کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ئەمریکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بایەخێکی دی ئەم پرۆژەیە لە گرنگی دان بەلایەنی ئاسایشی پرۆژەکەیە کە دەرگاکان لەبەردەم کرانەوەکانی چیندا زیاد دەکات (ابراهيم حردان مطر،2018،88).

تەوەرەی سێیەم : بەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکە:

چین لە پێواژۆی بەرەوپێشبردن و بەکارهێنانی هەموو هێزە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و سەربازییەکانیدایە، بەشێوەیەکی کرداری لەهەوڵی پەلهاویشتن و گرتنە خۆی سنورەکانی چینی ئیمبریالی لەباڵاترین قۆناغە مێژووییەکەیدا بەرەو ئەو دیو سنووری یاسایی و وشکانی و ئاوییەکانی بکشێت .(روبرت .د.کابلان ، 2015،273). ئەمەش ترسی سیاسی و ئاسایشی هێزە نێودەڵەتی و هەرێمیەکان دەهەژێنێ لەچەندین ئاستدا:

1- ترسی دراوسێکان :ئەو سیاسەتە ئاوییە توندەی چین پیادەی دەکات بەرانبەر دراوسێکانی بەتایبەتی ڤێتنام وسەنگافورەو ژاپۆن ترسێکی هەرێمی دروستکردووە لەگەڵ ژاپۆن لەسەر بەشێک لەرووبەری دەریایی چینی باشور کێشەیانە،ئەمەجگە لە ناکۆکییەکانیان لەسەر دورگەکان، لەلایەکی تر ململانێی لەناوچە سنوریەکانی هیمالایە لەگەڵ هندستان هەیە، هەموو ئەم هۆکارانەو هەمان سیاسەت ترسێکی جیۆسیاسی نێودەوڵەتی هێناوەتە ئاراوە و هاوکات ترسی چین لەگەمارۆ زیاد دەکات، بەتایبەتی لەلای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەناوچەی ژیاری جیۆسیاسی و باڵادەستی خۆی دەزانی و هەوڵەکانی پەکین لەم بوارەدا بەهەڕەشەی ڕاستەقینە دەزانی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا (سالی نبیل شعراوی ،2018،177،175، وفاء کاظم ،2019،310) .
2- ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر کیشوەری ئەفریقیا یەکێکە لەبەربەستەکانی بەردەم پرۆژەی پشتێنەوڕێگا (فاروق حسین ابو ضیف،2023،73).
3- هاوپەیمانێتی چین و ئێران یەکێکی ترە لە ترسی هێزە نێودەوڵەتییەکان و ئەمریکاش بە تایبەتی (مهاکامل ،مکاسب غیر متکافئة : تداعیات مبادرة الحزام والطریق علی توازنات الشرق الأوسط ،14 اکتوبر2018 . (www.futureuae.com.
4- ئاسایشی ڕێڕەوی پشتێنەو ڕێگاو بڵاوبونەوەی کۆمەڵێ کێشەو هەڕەشەی تیرۆر وەک ئەو ڕووداوانەی پاکستان و تەقاندنەوەی هێڵی غازوشەمەندەفەرەکان و هێرشکردنە سەر ئەندازیارە چینیەکان ( سمیە بلحسن ،2019،86).
5- تۆبۆگرافیای ڕێڕەوی پرۆژەکە یەکێکی ترە لە بەربەستەکان چونکە ناوچەی جوگرافی جیاوازی دێتە بەردەم لە بیابان و چیا بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری هێڵی ئاسنین گران دەبێت (شناز بن قنانە ،2019،112) .
6- ڕێکەوتنە سیاسییەکان : بۆجێبەجێکردنی هەنگاوی پرۆژەکانی پشتێنەوڕێگا چین چەندین ڕێکەوتنی واژۆکردوە لەگەڵ وڵاتانی بەشداربوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە هەندێکیان داوای پیاچونەوە بەبەندەکانی ڕێکەوتنامە دەکەن، بۆ نموونە سەرۆک وەزیرانی ماليزيا (مهاتيرمحمد ) داوای پیاچونەوەی هەموو بەندەکانی ئەوڕێکەوتنانەی کرد کە حکومەتەکەی پێش خۆی (حکومەتەکەی نەجیب عەبدولرەزاق ) واژۆی کردبوو، بەهۆی جیاوازی تێڕوانین و سەرنجی حکومەتی نوێ بۆ ئەو پرۆژانە،لەبەر ئەم هۆکارە حکومەتی چین بڕیاری ڕاگرتنی پشتیوانی یەکێک لەو پرۆژانەی دا کەبە 20 ملیار خەملێنرابوو (مهاتير محمد يلغی اتفاقيات ابرمها سلفه مع الصين ب 22 مليار دولار،7 سبتمبر2018 ، الشرق الأوسط وhttps;// aawsat.com> hom > article).

7- بەربەستی دارایی : کرۆکی ئەم پرۆژەیە بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و دروستکردنی پرۆژەی زەبەلاح و بنیاتنانی ڕێگاوبان و پردی گەورەو تۆڕی ئاوو ئاوەڕۆ بەتایبەتی لەبەشێک لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، کە گرفتی ئابووری گەورەیان هەیە لەتوانایاندا نابێت تێچوی پرۆژەکانی وڵاتەکەیان بگرنە ئەستۆ بۆیە ئەوکاتە هەموو قورسایی تێچوی پرۆژەکان دەکەوێتە سەر حکومەت و ئابووری چین ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتن و هەندێک جار هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لەوپرۆژانەی کە تێچوەکەی زۆر گەورەیە.

8- کێشەی کۆمپانیا ناو خۆییەکانی چین: یەکێکی ترە لەبەربەستەکان بەتایبەتی کە کۆمپانیاکان کەوتونەتە کێبڕکێ بۆ بە دەستهێنانی زۆرتری قازانج و دەسکەوت ئەگەرچی ئەم کۆمپانیایانە موڵکی دەوڵەتن، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ڕاگرتنی ملمڵانێکان .(عدنان خلف حميد وهند زياد نافع ،182،2019).

9- ترسی هەندێ لە وڵاتانی ڕێرەوی پرۆژەکە لەوەی کە ئەم هەنگاوە تەنها سنوری ئەو وڵاتانە بکاتەوەو بیانکات بەبازاڕ بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی چین، بۆ نموونە ژاپۆن هەڵویستی لە نێوان قبوڵکلردن و ڕەتکردنەوەدایە لەلایەک دەبینێت هەوڵەکانی چین و پشتێنەوڕێگابۆی هەیە هەموو دۆخ و کەتواری ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگۆڕێت و دەیخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی چین لەلایەکی تر بەشداری نەکردن و ڕەتکردنەوەی پێگەی لاواز دەکات، لەم سۆنگەیەوە بڕیاری بەشداریکردنی داوە ولەمەش زیاتر پەیوەندیە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی زەریایی ئارامدا توندو تۆڵکرد تابتوانێ پێگەی سەربازی خۆی بپارێزێت و ئەو هەڵانەی لەم پرۆژەیە بوی َدێتەپێش بیانقۆزێتەوە ئەویش پاڵی بەسەرۆک وەزیرانی ژاپۆنی - شینزۆئابی – یەوەنا کەلە حوزەیرانی 2017 ڕاییگەیەنێت ئەوان بەشێکن لەو پرۆژەیە لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاياری 2018 ڕێکەوتنێکی ئابووریان بۆ وەبەرهێنان لەگەڵ لەدەوڵەتانی تردا واژۆکرد، هاوکات ترسی وڵاتان لەبەرزونزمی دراوی جیهانی و کاریگەری خراپی لەسەر ئەم پرۆژەیە. ( كاواتيمانين اليابان ،2،2019 ، عدنان خلف حميدو هند زيادنافع ،183،185، 2019).

10-ترس لەقەرزاربوون : ئەو دەوڵەتانەی لەچوارچێوەی پرۆژەی پشتێنەوڕێگادان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری کەوتونەتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوەو ئەمەش بۆتە جێی ترس و دڵەڕاوکێیی وڵاتانی سەرهێڵی پرۆژەکە لەدۆخێکدا نەتوانن قەرزەکە بدەنەوە ناچاربن بکەونە ژێر کاریگەری بڕیاری چین (محمد مزهر صالح ،152،2023) لەلایەکی تر ترسی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی بەپێیی ڕێکەوتنەکان چین هاوکاری ئەم وڵاتانە دەبێت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم پرۆژرانە،بەڵام تێچوی هەندێکیان ئەم وڵاتانەیان کردووە بەژێر قەرزێکی گەورەی چینەوە، سریلانکا 1 ملیارو 4 ملیۆن دۆلار قەرزی وەرگرتبوو بۆ چاکسازی لە یەکێک لەبەندەرەکانیدا بکات بەڵام لەکۆتایی 2017 ناچاربوو کەمافی کۆنترۆڵکردنی بەندەرەکە بەتەواوی بدات بەچین، لەبەرانبەر ئەو قەرزەی لێیی کردووە بۆماوەی 99 ساڵ، هەر ئەمەش بوو وای لەمالیزیاکرد کە سێ پرۆژە هەڵبوەشێنێتەوە و لەنێوانیشیاندا پرۆژەی بنیاتنانی هێڵی ئاسنین کە تێچوەکەی 20 ملیار دۆلار بوو چونکە نەیدەتوانی پرۆژەکە تەواو بکات لەبەرئەوەی بۆتەواوکردنی پرۆژەکانی تر قەرزەکانی گەیشتبووە 250 ملیار دۆلار، ئەمەش وای لە مهاتیرمحمد سەرۆک وەزیران کرد بڵێ " ناتوانین قەرزەکان بدەینەوە" (وائل الغول ،3،2023، عدنان خلف حميدو هند زيادنافع ، 184،2019) .

11- کێشەی سەرەکی لەنێوان چین و هندستاندا بۆ دیاریکردنی سنورلە هەرێمی ئەرۆنا پال برادچ کەرووبەرەکەی 4 هەزار **کم٢** دەگەڕێتەوە، لەکاتی داگیرکردنی بەریتانیا خرایە سەر هندستان بەڵام پاش سەربەخۆیی هەردوو وڵات لە کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوودا، لەوکاتەوە هەردوو وڵات داوای ئەو هەرێمە دەکەن و لە 1959 ملمڵانێکە گەیشتە لوتکە ئەو کاتەی سەرۆکی ڕۆحی ناوچەی تبت ( داڵای لاما) پەنای بۆ هندستان برد لەترسی دەسەڵاتدارانی چین، دۆخەکە لە 1962 تەقیەوەو هند لەجەنگەکەدا شکستی گەورەی هێنا، بەڵام ئامادەنەبوو دەستبەرداری ناوچەکە بێت، هندستان و شانشینی بۆتان بەم هەرێمە ئەڵێن گردی دوکلام، چین پێی دەڵێ باشوری تبت،لەگەڵ ئەمەشدا چین هەوڵی ئەوەی دا کەهندستان بخزێنێتە ناوچوارچێوەی پشتێنەو ڕێگا، بۆئەم مەبەستە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی چین لی کەچیانگ خۆی سەردانی هندستانی کردو لە 2013 بەیاننامەیەکی هاوبەشیان ڕاگەیاند جەختیان لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیەکان و هاوکاریکردنی یەکتری کردەوە لەبەر ڕۆشنایی بەیاننامەی ڕاڕەوی ئابووری bcim هندستان بەشداری دامەزراندنی بانکی وەبەرهێنانی ئاسیایی بۆ وەبەرهێنانی ژێرخانی ئابووری aiib کردو بو بە ئەندامی ڕێکخراوی شەنگەهای بۆ هاوکاری ( sco)، بەڵام هەموو ئەم ڕێکەوتنانە نەیانتوانی چارەسەری کێشەکانیان بکات و ناکۆکیەکانیان بسڕێتەوە، بەڵکو هندستان زوو هەڵوەستەی کردو دەستپێشخەرییەکەی ڕەتکردەوە ،تەنانەت شاندی نەناردبوو بۆ یەکەم کۆڕبەندی دەستپێشخەریەکە کە لە 1ی ئایاری 2017 بەسترا بە بیانوی پێشێلکردنی سەروەری نیشتمان، بۆ ئەم مەبەستەش (وەک پەرچە کردارێک ) هەوڵی پێکهێنانی جێگرەوەی دا ڕێڕەوێکی نوێ ی ئاواکرد بەناوی ( ڕاڕەوی گەشە لەئاسیاو ئەفریقیا) ئەمەش یەکێکی ترە لەبەربەستەکانی بەردەم پرۆژەکە (نورخیری ، الهند والصين .. صراع العمالقه على تخوم الهيمالايا ،(-WWW.aljazeer.netاب 2022-، ، ویکن فازیە ،2019،142 ).

12- بەرهەڵستی خێڵەکان : بەشێکی ئەو وڵاتانەی ئەم پرۆژەیەی پیاتێدەپەڕێت هێشتا خێڵ و هۆز ڕۆڵی تیادەبینن و ئەمەش کێشەی خاوەندارێتی زەوی دێنێتە ئاراوە و لە هەندێ جێگەدا بەرهەڵستی ئەنجامدانی پرۆژەکە دەکەن لەبەرئەوەی بەزەویەکانیاندا تێدەپەڕێت و ئامادەنین دەستبەرداری بن بۆ حکومەت، وەک دواکەوتنی پرۆژەی هێڵی شەمەنەفەری خێرای جاکارتا – باندۆنگ بەهۆی هەڵوێستی خەڵکی ئەو گوندانەی پرۆژەکەی پیادەڕوات (عراقيل تواجه خطه الصين لاحياء طريق الحرير،2017/11/12، https;// .(www.aljazeera.net /news/

تەوەرەی چوارەم: پێگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپشتێنەوڕێگادا

ئەم پرۆژەیە نمایندەی هێزی گەشەکردوی نەرمی چینە ئەگەرچی سیمایەکی ئابووری هەیە، بەڵام وەک ئاماژەمان پێداوە لە ناوەرۆکدا هەڵگری ئامانجی سیاسی و ستراتیژییەو چین دەخوازێت لەچەندین ڕێگەی وشکانی و دەریایی و ئاسمانییەوە باڵ بکێشێت بەسەرناوچەکەداو ئەم سیاسەتەش لەڕێگەی ناوچەی ئۆراسیای دڵی زەوی پیادە دەکات، کەوەک شورایەکی جیۆستراتیجی وایە بۆ چین دەیەوێت بازاڕەکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و سەرضاوەی وزە دابین بکات،لەم ڕێڕەوەدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

بەگرنگترین ناوچەی کێڵگەی نەوتی جیهان دادەنرێت و گرنگترین دەوڵەتەنەوتییەکان لەم جوگرافیایەدان،ئەوانیش (شانشینی سعودی ، ئێران ، عێراق ، کوێت و ئیمارات) ئەم پێنج دەوڵەتە 61% یەدەگی نەوتی جیهانی تیایە، چینیش لەدوای ساڵی 1990 بوەبە یەکێک لەوڵاتانی هاوردەکاری وزەو نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕێژەی (40 -50 %) هاوردەی چینی لەنێوان ساڵانی (1990- 2000) پێکهێناوە، لە( 2011 ) هاوردەی نەوت گەیشتە (130) ملیۆن تۆن، بۆیە هەوڵەکانی بەرەو کردنەوەی چەندین پێگەوخاڵی پەرینەوەیەکەدوربێت لەپاوانخوازی ئەمریکاوە (قاسم محمد عبید ورباعبدالحسین مانع ،27 ،2020)،بەم پێیە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وکوردستانی گەورەو هەرێمی کوردستانیش پێگەیەکی گرنگ و پڕبایەخی لەچەندین ڕووەوە دەبێت، لەلایەک وەک ناوچەی بەستەروایە،لەلایەکی ترئاماژەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ئەم ناوچەیە هەل و پێگەیەکی گرنگی دەبێت بەهۆی سەرچاوەکانی وزەو تۆڕی گەیاندن (کامەران مەنتک، 210،2020)،ئەمەجگە لە پێگەی جوگرافی ئەو هێڵەی کەهێڵێکی ژیاریە بۆ چین بە تورکیاو ئێران دا دەڕوات، هێڵە سەرەکی و لاوەکییەکانیش ئاماژەی ڕوونن بۆ گرنگی ناوچەکە،(وفاء کاظم عباس الشمری ،310،2019 ) ئەمەش بۆ چین قوڵاییەکی ستراتیژی گرنگە کەیارمەتی دەردەبێت بۆ توندو تۆلکردنی پێگەکەی لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی (عباس غالی الحدیپی ،38،2004، عدنان خلف حمیدوهند زیادنافع ،175،2019 ،سمیە بلحسن، 78،2019) ،شایەنی ئاماژەیە ئەم ناوچەیە زۆنی قوڵایی ستراتیجی هەموو زلهێزەکانە، یاخود دەتوانین بڵێین ناوچەی تامپۆنیە لەبەرئەمەچاوەڕوان دەکرێت ئەم ناوچەیەببێت بەناوچەی ململانێی قۆناغی داهاتوو .

بۆ تیشک خستنە سەر بایەخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ئاماژە بەو هێڵ و ڕێگایانە دەکەین کەبەسنوری جوگرافی کوردستاندا تێدەپەڕن لەناوسنوری سیاسی وڵاتانی تورکیا –سوریا -عێراق - ئێران کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، ئێران یەکێکە لە دەوڵەتە میحوەریەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی پشتێنەو ڕێگەلە ڕێگەی وشکانییەوە (میران حسین 243،2019)، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێران وازی لەدروشمی نەخۆرهەڵات نەخۆرئاوا هێناو دەرگای بۆ شاندی پەکین کردەوە بە ئامانجی دەرچوون لە گۆشەگیری نێودەوڵەتی و بوژانەوەی ئابووریەکەی بۆ ئەم مەبەستانە لە 27 ی مارسی 2021 وەزیری دەرەوەی ئێران (محمد جواد زەریف ) ڕێکەوتنێکی لەگەڵ هاوتا چینیەکەی (وانگ یی ) واژوکرد، کە بە (بەڵگەنامەی گشتی هاوکاری کردن ) ناسراوە ( هدی رووف ،2021 ،1)، تیایدا جەخت لەسەر هاوکاری دوولایەنە کراوەتەوە لە پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی تیایدا ڕێکەوتن لەسەرچەندین ڕێگەی وشکانی کراوە، کە ئێران بە چینەوە دەبەستێتەوە. لەنێوانیاندا هێڵێک لە باشووری چینەوە دەست پێدەکات بۆ ئاسیای ناوەندو- تورکمانستان وکازاغستان -لەوێشەوە بەرەو تاران و پاشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر بڵێین کوردستان وبەتایبەتتر پێگەی خۆرهەڵات و باکوری کوردستان یەکێکەلە هەرە خاڵە گرنگەکانی ڕێڕەوی باشور زیادەڕەوی نییە،ئەم هێڵەی باشووری چین دەگاتە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بۆ باشوور ی کوردستان و لێرەشەوە ڕێ دەبرێت بەرەو زاخۆو لەوێشەوە بۆ نەسیبین و قارس وباکوری کوردستان، هەرلەسنوری باشوورەوە هێڵێکی تربەرەو ڕۆژئاوای کوردستان و لەوێوە دەگاتە لازقییەی سوریاو دەگاتە دەریای ناوەڕاست، ئەمە جگەلەوهێلەی لەباشوورەوە بەرەوە بەغداد و دواتر بەرەو بەسرە دەچێت و دەگاتە سنوری ئاوی کەنداو( کامەران مەنتک ،287،2020 ، حمیدە عبد الحسین محمد الظالمی ،646،2022)، .هێڵێکی تر بەخاکی ئێراندا دەڕوات بەرەو تورکیا پاشان بۆ ئەوروپا، لە هێڵە

sjh@univsul.edu.iq

ئاویەکەشدا بەندەرەکانی ئێران و دەریایی عەرەبی خاڵی گرنگی ئەم پرۆژەیەیە، لەبەرئەمەش چین دەخوازێت کە ئێران سەنتەری پرۆژەکە بێت و لەڕێگەی تۆڕی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گازو هێڵی ئاسنین عێراق و سوریاو باکستان بە خۆیەوە ببەستێتەوە (میران حسین ،2019،243). لەم پێناوەشدا سەرۆکی چین ( شی جین بینگ) چەند سەردانێکی لە ساڵی 2016 ئەنجامدا بۆ هەندێ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ،لەنێوانیاندا سعودیە –ئێران – میسر وەک هەنگاوێکی کرداری بۆ نزیک بونەوە لەو وڵاتانەو بایەخیان لە پرۆژەکەدا، لەوبارەیەوە لە قاهیرە وتی " ئاڵوگۆڕی نێوان چین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەربەستی کات و شوێنی تێپەڕاندووە بۆ بەردەوامبونی ئەم پەیوەندیە توندو تۆڵەی نێوان هەردوولا چین بەشێوەیەکی ئەرێنیانە تر هاوبەشی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دەخوازێت ئەمە وابکات هاوڕێ دێرینەکانی زیاتر لێوەی نزیک بن و متمانەی هاوڕێ نوێکانی پتەو بکات "(القاهرە 21 يناير 2016 (شينخوا ) القى الرئيس الصينى شى جين بينک کلمە فى مقرجامعە الدول العربيە ، jo.china – embassy .gov. icn) . چین دەستیکردووە بەپەلهاویشتن و نوێکردنەوەی ڕێگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وکوردستانی گەورە لەڕێگەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەتایبەتی تورکیاو ئێران چونکە ئەم ناوچەیە پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیەو تورکیاو دەبێت بەڕاڕەوی سەرەکی بۆ گواستنەوەی شمەکی نانەوتی ئێران و وڵاتانی ئاسیا بۆ ئەوروپا و لەلایەکی تریشەوە پاڵپشتی ڕاڕەوی باکور – باشووری بەندەرەکانی ئێران دەکات تا تورکیا (تامربدوی ،2015،2)، ئەگەر سەرنج بدەین لەکۆی سێ ڕێڕەوی وشکانی هێڵی ئاوریشم دوانیان بە کوردستاندا تێدەپەڕێت، هێڵی باشوور کە ئاماژەمان پێکردو هێڵی ناوەڕاستە کە شاری قارسی باکوری کوردستان خاڵێکی گرنگی ئەم هێڵەیە وبە هێڵی -باکۆ – تبلیس – قارس ناسراوە، ئەم هێڵە ژیارییە لە ئازەربایجانەوە دەست پێدەکات و پاشان دەگاتە سنورەکانی تبلیسی پایتەختی گورجستان و بەرەوقارس دەچێت و بەهۆیەوە شارەکانی تری باکوری کوردستان دەبەستێتەوە بەم هێڵەوە،پاشان بەرەو ئەستانبول دەڕوات، ئەم هێڵەش هێڵێکی گەیەنەرەو بەستەرە لەنێوان ئاسیاو ئەوروپادا، جگەلەمەش کوردستان جارێکی تر ئەم ڕێگەیە بە ڕێڕەوی باشوورەوە دەبەستێتەوە ( کامەران مەنتک ،2020،278) . پەیوەندیەکانی چین و وڵاتانی ناوچەکە بەتەنها کاری لەبەرەوپێشچونی کارەکانی پرۆژەی پشتێنەو ڕێگا نەکردووە بەڵکو کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە هەبووە، دوابەدوای بەستنی ڕێکەوتنامەیەکی نوێ لە نێوان تورکیاو ئێران هێڵێکی نوێیان کردۆتەوە لە تارانەوە بۆ ئەنقەرە و تاران بۆ شاری وانی باکووری کوردستان، ئەمەش یەکێکە لەو هێڵانەی کاتی گەشتەکان کەم دەکاتەوەو هاوکات هەوڵی کەمکردنەوەی تێچوی گواستنەوە دەدەن ( پانى اضخم اسطول بحرى فى العالم يتحدى امريكا ،رصد عسكرى 16-5-2018 .https;//Arabic.com/military) .

ئێران لە هەوڵەکانی بەردەوامەو یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ کازاخستان واژۆکردووە بۆ دەست بەکاربوونی هێڵێکی ئاسنی نێوان هەردوولا لە 2 ی حوزەیران لە دوای ئەم ڕێکەوتنە بەشێک لەبارە بازرگانیەکان لە چینەوە دەچێتە کازاغستان ولەوێوە دەگاتە ئێران پاشان بۆ سنوری تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، سنوری تورکیاو ئیران سنوری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە 534 کم و تائەمڕۆ چوار دەروازەی سنوری لەنێوانیاندا هەیە، دەروازەی یەکەم : گۆربۆلاکە لەناوچەی ئاگریەو لە 4ی ئەیلولی 1953 کراوەتەوەو ئەم دەروازەیە فشارێکی زۆری لەسەرە ،دەروازەی دووەم : دەروازەی ئاساندرایە لە جولەمێرگ و لەدەڤەری هەکاریە، لە 15 ی ئەیلولی 1964 کراوەتەوە، دەروازەی سێهەم : دەروازەی بۆروالانە لە 1ی کانونی دووەمی 1985کراوەتەوە دەروازەی چوارەم : دەروازەی کاپی کۆی، لە 11 ی نیسانی 2011 کراوەتەوە چاوەڕێ دەکرێت هێڵی ئاسنینی نێوان هەردوولا بەم ڕێیەدا تێدەپەڕێت، کە دەکەوێتە ناوچەی ورمێ لەدیوی


ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و لە دیوی باکورەوە بەناوچەی هەرتیلدا دەچێت بۆ شاری وان، کردنەوەی هێڵی کاپی کۆی بە ئامادەبونی ئەحمەد داودئۆغڵو وەزیری پێشوتری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران علی ئەکبەر ساڵحی وەزیری پێشووتری ئێران، ئەو دوو دەروازە سنوریەی کرایەوە وەک ئاماژەمان پێکرد یەکێکیان بۆ وان و هەکاری، جێی ئاماژەیە پارێزگای هەکاری دەروازەیەکی سنوری هەیە لەگەڵ باشوری کوردستان لەقەزای چوکورچاوە (استئناف عمل معبر (اوز ملو )المودی بین ترکیا وایران والعراق 27- 2-2021 .www.aa.com.tr. // https;). لە12 کانونی دووەمی 2007 گفتوگۆی کۆتایی لەسەر پرۆژەی ئەم هێڵی ئاسنە کرا، لەتشرینی دووەمی 2017 کرایەوەو شەمەندەفەرێک لەویلایەتی تەکیرداغەوە دەرچوو بەرەو ئیستانبول و تونێلی مەرمەرەو ویلایەتی قوجالی و ئەنقەرەو سیواس و ئەرزەڕۆم پاشان قەیسەری و بەرەو قارس لەباکوری کوردستان، لەوێوە بۆ وێستگەی ئەخالکالاکی باشوری ڕۆژئاوای گورجستان دواتر بۆ بەرەو ڕێگای گواستنەوەی نێودەوڵەتی لەسنوری دەریایی قەزوین کەدەگاتە چین لەگەشتێکی 8500 کیلو مەتری دا.(احمد سلطان ،قصه اول قطار لتصدیر البضائع من ترکیا الی صین 28، دیسمبر .(https:// www. Noon post. Com> content.2020،

سەبارەت بەرێگا لاوەکییەکانی ڕێگای ئاوریشمی کەتەواوکەری بەشێکی گرنگی ڕێگە سەرەکییەکانە و وەک تۆڕێکی گەورە خۆیان دەنوێنن و جارێکی دی کوردستان دەبەستنەوە بەیەکەوە (کەئەمەش ترسی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی زیاد کردووە بە تایبەتی تورکیا کەدواتر ئاماژە بە هەڵوێستی دەکەین )، ئەگەر بنۆڕینە ئەو ڕێگەیانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەکشێن لەچەتاڵ دەچێت، لەرێگەگەیەکدا بەرەو باکورو دەچێت بە خۆی و سەلماسدا دەڕوات و لەوێشەوە بۆشارەکانی تری باکوری کوردستان ،هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە لەرێگەیەکی تردا لەورمێ وە بەرەو باکوری کوردستان دەچێت ،ئەمە جگە لەو ڕێگەیەی دەچێتە خانەو دواتر حاجی ئۆمەران و لەوێوە دێتە هەولێر ،لێرەوە باشوور و هەولێر بەتایبەتی دەبێتە چەقی بەستنەوەی بەشێک لەورێگەیانە چ لەرێگەی بەیەکگەیاندنی لقەکانی دی باشووری کوردستان بێت یا لقەکانی عێراق لە لایەک هەولێر لە ڕێگە لاوەکییەکانەوە دەبەستێتەوە بە باکوری و بەدیاریکراوی شاری دیاربەکر و پاشان لە شاری قارس کەئەویش خاڵێکی گرنگی بەستنەوەی ڕێگاکانی باکووری کوردستان و تورکیایە بە لقێکدا دەگاتە ئەستانبوڵ و لە لقێکی تردا دەگاتە شاری مێرسین لەسەر دەریای ناوەڕاست. هاوکات ڕێگەیەکی تری ئێران لە تارانەوە دەگاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەریوان و لەوێشەوە بۆ دەروازەی باشماخی پێنجوێن و دێتە ناو خاکی هەرێم، هەرلەخاکی ڕۆژهەڵاتدا ڕێگەیەکی ترمان هەیە کەهەمان ڕێگە کۆنە مێژووییەکەیە لەتارانەوە بەرەو کرماشان و پاشان دەچێتە قەسری شیرین پاشان بۆ خانەقین لێرەشەوە دەبێت بە دوو لقەوە یەکێکیان بەرەوبەغداد بۆ شاری بەسرە ودەگاتە دەروازەی ئاوی کەنداو، لقەکەی تر دەچێت بۆ هەولێرو موسڵ و پاشان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان ( بکین تستقطب 37 رئیس دوله لشبکه "طریق الحریر الجدیده" 25 ابریل ،2019. https;// aawsat.com>home . (>article

لەنێوان باشوری کوردستان و باکوردا دەروازەی (زیتە) ی نێودەوڵەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیالە ڕۆژی 10 ی مایسی 2023 بە فەرمی کرایەوە بەئامانجی خزمەتکردنی جوڵەی بازرگانی و گەشتیاری، لە وتەیەکیشدا (هەڵگورد شێخ مارف ) بەرپرسی ئیدارەی سۆران ڕایگەیاند " کارکردن بەردەوامە بۆ بوژانەوەی جوڵەی بازرگانی لەدەروازەکەدا" ئەم دەروازەیە دەکەوێتە ناوچەی شێروانی سەربەناوچەی مێرگەسور (حکومە اقلیم کوردستان تفتتح بوابە دولیە اخری مع ترکیا، www.gov. kurd.10-5-2023).

لەپاڵ ئەم هەموو هەوڵ وهەنگاوانەدابۆ کردنەوەی ڕێگای نوێ بەڵام مشتومڕی زۆر هەیە سەبارەت بەئەم ڕاڕەو و هێڵانەی بەکوردستاندا تێدەپەڕێن حکومەت و سیاسەتمەدارانی وڵاتانی داگیرکەری ترساندووە، تا ئەو ڕادەیەی پێش جێبەجێکردن و تەواو کردنی هەندێ هێڵ و ڕێگا چەندین ڕێوشوێنی لۆجستی و سیاسی وسەربازیان گرتۆتەبەر، دیارترینیان بنیاتنانی (دیواری بەربەستە یا دیواری دابڕە) لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، هەرچەندە تورکیا ئەم کارەی لەژێرناوی ڕێگریکردن لەکۆچبەرانی نایاسایی ئەفغانی ئەم کارەی دەست پێکرد، وەزیری ناوخۆی تورکیا ( سلێمان سۆیلۆ ) بۆ کەناڵی (ntv) کوردی وتی " ئامانج لەم دیوارە سنوردانانە بۆ کۆچی هاووڵاتیانی ئەفغانی لەسنورەکانی ئێرانەوە" بەتایبەتی کە تورکیاو ئێران سنورێکی 500 کیلومەتری هاوبەشیان هەیە ،لەبەرئەمە بڕیاری بنیاتنانی دیوارێکی 144 کیلومەتری درا لەسەر سنوری ئاگری داغ وئەگادیر و وان و هەکاری لەدیوی ( باکورەوە) تورکیاوە ، لەدیوی ڕۆژهەڵاتەوە لە سنوری ئازەربایجانەوەیە ،بەڵام ئامانجی ڕاستی پشت ئەم دیوارە ئەوەیە تورکیا دەیەوێت پێشوەخت ڕێگری بکات لەهەر کاریگەریەکی ئەرێنی و سیاسی ئەم دیوارە لەسەر جوڵانەوەی کوردی و خۆی ئامادە دەکات بۆ هەر ئەگەرێک، کە ئەو هێڵانە کورد زیاتر لەیەک نزیک بکاتەوە و شۆڕشگێران بەکاری بهێنن، ئەوەی ئەم ڕاستیەش پشتڕاستدەکاتەوە هەر وەڵامی سلێمان سویلۆ بو کە وتی " ئامانج لەم دیوارە تەنها سنوردانان نییە بۆ کۆچی ئەفغانییەکان بەڵکو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی – وەک ئەو ناوی برد ( تیرۆرستانە ) پارتی کرێکارانی کوردستان " ئەوەبوو ( مسعود الزاهد، ماذا تعرف عن الجدار الحدودی العازل بین ترکیا وایران ،25 .www.alarabiya.netابریل 2018،)، سەرەتا دەستیکرد بەبنیاتنانی ئەو دیوارە لەسەر سنوری سوریا بەتایبەتی لەناوچەی نەسیبین، سەرەتا بەبیانوی پەڕینەوەی سورییەکان بۆ ئەو ناوچانەو بونی (مین و تەقەمەنی )، بەڵام لە ڕاستیدا ترسی تورکیا جارێکی تر لە جوڵانەوەی کوردی بوو بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو ناوچەیەی ڕۆژئاوا کەوتە دەست ( هێزی پارتی یەکێتی دیموکراتی سوری ) کەباڵێکی pkk بوو، دوای ئەوەی لەساڵی 2011 دۆخی سوریا تێکچوو ئەم ناوچەیە وەک خاڵی پەڕینەوە بەکاردەهێنرا .( محمد نورالدین ، ،ترکیا وسیاسة الجدران العازلە ،12 اوکتوبر2013، al sharq .com) ، ئەم دۆخە بەردەوامیدا بە هەنگاوەکانی تورکیاو لە ساڵی 2017 بڕیاری بنیاتنانی دیوارەکە درا لەگەڵ ئێران، لەهەمان ساڵدا ئۆردۆغان ڕایگەیاند دیوارێکی بەربەستتی تر لەسەر سنوری سوریاش بنیات دەنێن ودیوارەکە درێژایی 650 کیلۆمەتر بنیات نراوە لەکۆی 910 کیلۆمەتری سنوری هاوبەش، ئێرانیش لای خۆیەوە پێشوازی لەدروستکردنی ئەو دیوارە هاوبەشە کردووە و دەخوازێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم جوڵەی کوردەکان ئەوانەی ئەو سنورە هاوبەشە بەکاردەهێنن و لەسنورەکان دەپەڕنەوە.(مسعود الزاهد ،ماذا تعرف عن الجدار الحدودی العازل بین ترکیا وایران؟ www. Alarabiya.net) ، هەرلەم بارەیەوە تەلەفزیۆنی سوریا لەهەواڵێکدا ڕایگەیاندووە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئەو کۆمپانیایەی گرێبەستی بنیاتنانی ئەم دیوارەیان کردووە 96 کیلۆمەتریان لە دیوارە ئەمنیەکەی سەرسنوری ئێرانیان تەواو کردووە لە ویلایەتی (وان) ەوە، هۆکاریش ئەوەیە کەزۆرترین سنوری تورکیاو ئێران دەکەوێتە پارێزگای وانەوە بەدرێژایی 295 کیلۆمەتر، هەواڵەکە ئاماژەی بەوەکردووە کە لەکاتێکدا بنیاتنانی دیوارەکە بەردەوامە تورکیا کار لە هەڵکەندنی چاڵێکی (خند ق ) ئەمنیشدا دەکات لەو سنورەی کەهێشتا تەواونەکراوە و نزیکەی 199 کیلۆمەترە ( تلفزیون سوریا ، وکالات ، 27- 5- 2023) .

نەخشەی ژمارە(3)خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پشتێنەوڕێگادا




سایتی (صحیفه الشرق الأوسط ) ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە https:// wordmap.l Maps.arcgis.com/home/index.

1-4 : عێراق وهەرێمی کوردستان لە دەستپێشخەری پشتێنەو ڕێگە :

پەیوەندیە فەرمییەکانی چین و عێراق، سەرەتای ئەم پەیوەندییە نێودەوڵەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی چین پاڵپشتی شۆڕشی 1958 کرد، پاشان هەردوو دەوڵەت پەیوەندیەکانیان بردە قۆناغی فەرمییەوەو باڵوێزخانەی هەردوولا لە پەکین و بەغداد کرایەوە (باهر مردان مضخور ،2018،2، البديرى ،2019، 1)،ئەم پەیوەندیە بەردەوام بووە بەڵام دوای 2003 قۆناغێکی تر لەپەیوەندی هەردوو دەوڵەت دەستپێدەکات و وەبەرهێنانی نەوت و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دووهۆکاری گرنگی توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانی هەردوو دەوڵەت بوون، پێویستی وزە ئەم خاڵە پەیوەندییەکانی بەرەو ئاڕاستەیەکی تربرد،بەتایبەتی کە چین دووەم وڵاتی هاوردەکەری نەوتە پاش ئەمریکا ولە 65%لە پێویستیە نەوتییەکانی هاوردە دەکات ئەمە جگە لە سێ یەکی پێویستی گازیش، پێویستی وزەو گەشەسەندنی پیشەسازی هانی چینی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێندا گەشە پێبدات لەبەرئەم هۆکارەو گرنگی ئەم ناوچەیە بۆ چین باڵیوزَخانەی لەبەغداد کونسوڵخانەشی لەهەولێر کردەوە.

ئەگەرچی پەیوەندی نێوان چین و هەرێم نوێیە بەڵام هەرزوو بایەخ و کاریگەری پێگەی هەرێمیان زانیوە، سەبارەت بەگرنگی پێگەی کوردستان (لی جیان) باڵیۆزی چین لە عێراق بەئاشکرا ئاماژەی بەبایەخی کوردستان لەڕێگەی ئاوریشمی و پرۆسەی بازرگانیدا کردووە، بەڕوونی ویستی وڵاتەکەی بۆ بنیاتنانی پەیوەندیەکی بەتین لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکاندا ئاشکرای کردو بەکرداری هانی کۆمپانیا چینیەکانیان دەدا بۆ وەبەر هێنان لە کوردستاندا،

ڕایگەیاند کونسوڵخانە لەهەرێم دەکەنەوە بۆ بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکان (عادل مهدی ،2021،1) ، بۆ ئەم مەبەستەش لە 30- 12- 2014 کونسوڵخانەی چین لەهەولێر لەڕێو ڕەسمێکی شایستەدا کرایەوە بەئامادەبونی شاندێکی چینی کە (تشانگ – فینگ ) جێگری وەزیری دەرەوە سەرۆکایەتی دەکرد،لایەنی کوردستان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و چەندین بەرپرسی حکومی ئامادەبوون، وەک لە بەیاننامەی بڵاوکراوەی حکومەتی هەرێم هاتووە شاندی چین هیواخوازن کردنەوی کونسوڵخانەکەیان لەهەولێر سەرەتای گەشەکردن و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان بێت . ( www.rudaw Arabia .net2014. -4 -30.).

پاش کردنەوەی کونسوڵخانە (تان بانکلین ) کونسوڵی گشتی لە هەولێر جموجۆڵەکانی بەسەردانی سەرۆک وەزیرانی هەرێم دەستپێکرد ولەسەردانەکەدا پەیامی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی گەیاندە سەرۆک وەزیرانی هەرێم و جەختی لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا کردەوە، هاوکات وەزیری دەرەوەی چین ئاماژەی بەوەکرد ئەم هەنگاوە دەرگای بە ڕووی کۆمپانیاو سەرمایەدارەکانی وڵاتەکەی دەکاتەوە و هەلی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت و دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا چینیەکان لە هەرێم ،تەنانەت پاش دەست بەکاربوونی (ئی ڕوچی ) وەک کونسوڵی نوێی چین لە 11ی نیسانی 2018 سەردانی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کردو ڕژدبوونی حکومەتەکەی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکان دووپات کردەوە.(دائره العلاقات الخارجیه ،حکومه اقلیم کوردستان 2018،فلاح مصطفی یستقبل القنصل العام لجمهوریه الصین ).

دیارە چین دەخوازێت جێ پێیی خۆی لەناوچەکە قایم بکاتء کێبرکێی ئەمریکاو ئەوروپا بکات لەڕێگەی بنیاتنانی پرۆژە زەبەلاحەکانییەوە و گەیاندنی پرۆژە ئابوورییەکان بەپشتیوانی ڕێگەی خێرا کە دوریەکان کەمبکاتەوە، بەم پێیەش عێراق و هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی سەرەکی دەبن بۆ چین (د.مثنی مشعان المزروعی، 2019، خبیر عراقی یطالب بلاده بتعزیز المشارکة في مبادرة " الحزام والطریق"https:// newsaar .cgtn> news ) دەسەڵاتدارانی چین بەئاشکرا دەڵێن " هەرێمی کوردستان وەک کانی زێر وایە بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی " ئەمە وتەی (لی چینغ چینغ ) ە باڵیۆزی چینە لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەڕاستی ئەم وتەیە چینییەکان لەهەنگاوناندان بۆ ئەوەی جێ پێیی خۆیان قایم بکەن لەگەڵ هەرێم و پەیوەندیە بازرگانییەکان لەگەشەیەکی بەردەوامدایەو لە ساڵی 2021 وە چین بۆتە هاوبەشی سێیەمی هەرێم لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دوای تورکیاو ئێران، بێگومان پێگەو بایەخی جوگرافی و بوونی سەرضاوەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گەورەی بینیوە کە چین وەک هاوبەشێکی بازرگانی گرنگ لەناوچەکەدا لێی بڕوانێت ،بەتایبەتی کەهێڵی ئاوریشمی نوێ بەم جوگرافیایەدا تێدەپەڕێت، کونسوڵی چین لە هەرێم لەچاوپێکەوتنێکدا جەختی لەوە کردەوە کە "هەرێمی کوردستان لەکۆندا بەشێک بووە لەڕێگای مێژوویی بازرگانی ئاوریشمی دوپاتی کردەوە کە ئێستاش "عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکن لە دەستپێشخەری یەک پشتێنە یەک ڕێگا ی چینی " ،ئاماژەش بۆ ئەم گرنگی وپەیوەندی ئاڵوگۆرە لەسەرەتای شەش مانگی ساڵی 2021 چین بە بەهای 2.5 ملیار دۆلار شمەکی هەناردەی هەرێم کردووە، لەهەنگاوێکی دیدا قەبارەی وەبەرهێنانی زیاد کردووە و بڕی 5 پێنج ملیاری بۆبنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبون و گەشتوگوزاری لە شاری هەولێردا تەرخان کردووە، لە لایەکی تر لە 2ی ئەیلولی 2021 پێشانگایەکی تایبەت لەنێوان یەکێتی هاوردەو هەناردەی کوردستان لقی هەولێرو بازرگانانی چین دا لەهەولێرکرایەوەو 188 سەدوهەشتاو هەشت کۆمپانیا بەشداریان تێدا کردووەو تیشک خراوەتە سەرگەشەکردنی پەیوەندیە بازرگانیەکانی هەردوولا (rudaw alarabia. Net .1-9-2021www).

بەکرداریش کۆمپانیا چینییەکان هەنگاوی کرداریان ناوە و وەبەرهێنانی خۆیان لەکێڵگە نەوتییەکانی کوردستان و ژێرخانی هەرێم بەرەوپێشبردووە، جگە لەوهاووڵاتییانەی کەبەرێگای جۆراو جۆر هاتونەتە کوردستان و کاردەکەن، لەهەنگاوێکی پێشکەوتوو تردا چین لە جەنگی داعشدا پشتیوانی کوردی کردووە، بێگومان ئەم هەنگاوانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستان و هەرێم کەلەچەند ڕێگایەکەوە کاری بۆ دەکات، بەچەندین ڕێگاو ئامرازی جیا چ لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەیگرێتەبەر یاخود لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە، لە هەنگاوێکی نوێدا کۆمپانیایی سنیۆپکی -Sinopec چینی کەوتۆتە مامەڵەوە لەگەڵ کۆمپانیای ئەداکسی سویسری – کەنەدی وبڕی 8 ،9 ملیاری داوە بۆ کڕینی پشکەکانیان لە هەرێمی کوردستان .

سەبارەت بەکەرتی وزە کونسوڵی چین ئاماژەی بەوەکردووە کە چین بۆتە بازاڕێکی گەورەی نەوتی عێراق و هەرێم، بەو ڕادەیەی لەسەدا چلی ئەو نەوتەی عێراق هەناردەی دەکات ڕۆژانە چین دەیکڕێت .

پاش ساڵی 2014 قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی عێراق و چین دەستی پێکرد، لەساڵی 2015و پاش سەردانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو(حەیدەر عەبادی ) ئەم پەیوەندیە چووە قۆناغێکی نوێوە و چەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوولادا واژۆکرا یاداشتی بەشداریکردن لە بنیاتنانی پشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشمی ئەم بەرەوپێشچونانە وای لەوەزارەتی گواستنەوەی عێراق کرد کە لێکۆڵینەوەیەک ئامادەبکات لەسەر ئەو ڕێگایانەی عێراق بە وڵاتانی ئاسیای ناوەراست وچین دەبەستێتەوە لەرێگەی ئێرانەوە، لەڕۆژئاواوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ولەگەڵ تورکیاش، تیایدا چەند ڕێگایەک پێشنیازکراوە بۆ ڕێگاکانی پیشتێنەی ئابووری ڕێگای ئاوریشمی کەبەکەناڵی ئاوی و وشکانیشدا دەڕوات (خلف عياش احمد ورضا سالم داود،2022،128).

2-4 : ڕێگا پێشنیازکراوەکان : ڕێگای هێڵی ئاوی :

بەندەری فاوی گەورە: بەندەری فاوی گەورە یەکێکەلەهەرە پێگە ستراتیجیە گرنگ و پڕ بایەخەی نێو تۆڕی گواستنەوە و گەیاندنی دەریایی عێراق و ئابووری نێو دەوڵەتیش، وەک ئاماژەی پێدەکرێت پێگەی دەکەوێتە نێوان ئەوروپاو ئاسیاوە بەدیاریکراویش ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دەبێتە وێستگەیەکی ئاڵوگۆڕی (ترانزێتی ) جیهانی ئەمەش جارێکی تر بەهۆی پێگەکەی و کورتکردنەوەی ڕێگاوکەمکردنەوەی تێچوی گواستنەوە لە 35% بۆ 45% جێیی ئاماژە پێکردنە بیرۆکەی بنیاتنانی بەندەری فاو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەڵام پشتگوێ خراوە، ئەم بەندەرە یەکەم پرۆژەیە لەسەر دەریا دەکرێتەوە گۆڕانێکی چۆنایەتییە لە ئابووری عێراقدا دروست دەکات، هەندێ لەتوێژەران و سیاسەتمەداران بەهێلێکی ئاڵتونی ناوی دەبەن، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی دەتوانێت بیبینێت لەنزیک کردنەوەی ماوەی نێوان دەوڵەتەکان لەبواری شمەکی بازرگانی و وزە، هەر لەمبارەیەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق (محەمەد شیاع سودانی )پێش سەردانەکەی بۆ تورکیا نوسیویەتی " پرۆژەی بەندەری فاوی گەورە ڕاڕەوێکی وشک لە خۆدەگرێت کەپێکدێت لە هێڵی خێراو هێڵی ئاسنین کەبەدیوانیەو نەجەف وکەربەلاو بەغداد وموسڵدا تێدەپەڕێت ودرێژدەبێتەوە تاسنوری تورکیاو دەرفەتی گەیشتن بەبەندەری مێرسین دەرەخسێنێ لەوێشەوە بۆ ئاستانبوڵ و بەرەو ئەوروپا " (حيدر الجابر ، طريق التنميه ،2023).

پلان هەیە بۆ بەستنەوەی ڕێگای بەسرەو بەندەری فاوی گەورە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەمەش تەواو کەر دەبێت لەگەڵ خۆری زبیرو ئوم قەسرو سەفوان بەم جۆرە عێراق ڕێگەی هێڵی خێرا دەبەستێتەوە بە وڵاتانی دەوروبەرەوە ( ميناءالفاوالكبيرثروه اقتصاديه www.dwarozh. net. / AR /deteails) .

هێڵی وشکانی عێراق و هەرێم :

پرۆژەی کەناڵی وشکانی مەبەست لەکەناڵی وشکانی (dry canal ) بنیاتنانی تۆڕێکە لەهێڵی ئاسنین و ڕێگای وشکانی قیرتاوکراوو هێڵی خێرا، ئەم هێڵەبەشێکی گرنگ و تەواوکاری پرۆژەو جموجۆڵەکانی بەندەری فاوی گەورەیە، ئەنجامدان و تەواوکردنی ڕێگای ئاڵتونی مەرجێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی ئەوشمەک و کەلوپەلانەی لەئەوروپاوە دێنەناو بەندەرەکانی عێراق لەڕێگەی هێڵی ئاسنی سوریاو تورکیا بەم هەنگاوەش عێراق دەتوانێت ببێتە خاکی گەیاندنی نێوان کەنداو و دەریای ناوەڕاست و ئەوروپا دەبێت بە کورتترین و هەرزانترین بازاڕ، لەڕێگەی هێڵی ئاسنەوە کە بە نیازن بنیاتی بنێن و دەبێتە گەیەنەر لەنێوان هەموو بەندەرەکانی عێراق لەباشورەوە تاسنوری سوریا لەناوچەی ڕەبیعەدەبڕێت بەخاکی سوریا تێدەپەڕێت تادەگاتە دەروازەی سنوری نێوان سوریاو تورکیاو بەدیاریکراوی شاری نەسیبین بەدرێژایی 83 کم و لێرەوە دەبەسترێتەوە بەتۆڕی جیهانی هێڵی شەمەندەفەرەوە لەناو خاکی تورکیا، جێیی ئاماژەیە ئەم هێڵە پێش ساڵی 2003 هەبووە لە 2009 چاکسازی تیادا کراوە لە 1/6/2009 کەوتۆتە کار و یەکەم گەشت لە بەندرەی تەرتوسی سوریاوە بەرەو کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست بەڕێکەوت بۆ یەچاوەڕوان دەکرێت بە ئەندازەی کەناڵی سوێس کاربکات و هەندێک دەڵێن دەبێتە جێگرەوەی کەناڵی سوێس ( خلف عياش احمد ورضاسالم داود،2022، 128،عمر سمير ، 2021،4 ) ( مهدى البناى ،القناه الجافه العراقيه ’2022) ،هەندێک ئەم ڕێگەیە بە (ڕێگایەک لە ئاڵتون) ناودەبەن، ئەنجامدان و تەواوکردنی ڕێگای ئاڵتونی مەرجێکی خاڵێکی ژیاری و ستراتیجیەبۆ پرۆسەی گواستنەوەی بازرگانی لە عێراق .

ئەو هێڵانەی کەبڕیارە بەهاوکاری وڵاتی چین کاریان تێدا بکرێت و عێراق و هەرێم بە وڵاتانی ئاسیای ناوەندو چینەوە ببەستێتەوە هەندێکیان لە ڕۆژ هەڵاتەوە لەڕێگەی ئێرانەوە یە، لەڕۆژئاواشەوە لەڕێگەی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا .

ڕێرەوی یەکەم : ئەم هێلە لەناوچەی شەلامچەی ئێرانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە شاری بەسرەو دێتە ناوخاکی عێراقەوە لەوێوە هێڵەکە درێژدەبێتەوە تا زاخۆو بۆ باکوری کوردستان (تورکیا)، ئەم ڕاڕەوە نزیکەی 1200کم و پرۆسەی بازرگانی چالاک دەکات ، هاوکات ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان پەرە پێدەدات لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی .

ڕێرەوی دووەم : هێڵی ئاسنینی کرماشان ،ئەم هێڵە لە کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە (ئێران ) دەست پێدەکات لەسنوری بەدرەی پارێزگای واست دەگاتە خاکی عێراق لەوێوە بەرەو بەندەری عەقەبە دەڕوات لە ئەردەن ،هەر لە هێڵی کرماشانەوە ڕاڕەوێکی تر دێتە ناو باشووری کوردستان لە خاکی خانەقینەوە بەرەو بەندەری لازقییە دەچێت لەسوریا ، ( دەتوانرێت ئەم هێڵە ببەسترێتەوە بە هێڵی بەغداد – بەعقوبە – کەرکوک – هەولێر – موسڵ) ، لە خانەقینیشەوە بەرەو ڕاڕەوی هێڵی بەغداد دەچێت ، درێژی ڕاڕەوەکەش لە خانەقینەوە بۆ لازقییە 1250 کم دەکرێت هێڵی ئاسنی پێشنیازکراوی کەرکوک – سلێمانی پێوە ببەسترێتەوە .( خلف عياش احمد ورضا سالم داود،2022،129، 131 ) ; لە هێڵێکی تری پێشنیازکراوی عێراقدا هەر لە کرماشانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە دەروازەی سنوری بەدرە لە پارێزگای واست و لەوێوە بۆ کەربەلا دەچێت و دەگاتە دەروازەی سنوری عەرعەر لەسەر سنوری عێراق سعودیە و کۆی درێژی

ئەم هێڵە دەگاتە 1797 کم ، ئەم هێلە جگە لەپرۆسەی بازرگانی دەتوانێ خزمەتێکی زیاتر بە ئەنجامدانی پرۆسەی حەج پێشکەش بکات .

ئەو هێڵانەی ئێستا کاریان پێدەکرێت لە عێراقدا : چوارهێڵی سەرەکی هەیە لە ناوچە کوردستانیەکان تەنها کەرکوک بەشێکە لەو هێڵە کەبەئاڕاستەی کەرکوک – بێجی – حەدیسە – عوکاشاتە ; هێڵی دووەم هێڵی ئوم قەسر پاشان بەسرە – بەغداد ; هێڵی سێهەم بەغداد – بێجی – موسڵ - رەبیعەپاشان بەرەو ناوچەی یەعروبیەی سوریا دەچێت ; هێڵی چوارەم بەغداد – حەدیسە – قائم بەرەو حەسیبە دواتر سنوری سوریا (مجید ملوک السامرائی ،2011،77).

هێڵی وشکانی قیرتاوکراو :

ئەم هێڵە لە عێراق و کوردستانیش زۆرترین بەکارهێنانی هەیە ئەویش بەهۆی نەبونی دەروازەی ئاویە لە کوردستان وتەسکی دەروازەی ئاوی لە عێراق و کەمی هێڵی ئاسنینە ، گرنگترین ڕێگەکانیش :

1- هێڵی یەکەم : زاخۆ – موسڵ – بەغداد – دیوانیە – بەسرە – ئوم قەسر ،درێژیەکەی دەگاتە 1231 کم وەک لەڕێرەوی هێڵەکە دەبینین دەکرێت ببێتە گەیەنەرێک لەنێوان تورکیا ودەروازەی وشکانی و ئاویش لە باشوری عێراقەوە ، بۆیە پێشبینی دەکرێت زاخۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە ئایندەدا.
2- هێڵی دووەم :لەموسڵەوە دەست پێدەکات پاشان هەولێر – کەرکوک – بەغداد – بەرەوباشور بۆ کوت و عەمارە و بەسرەو فاو ،درێژیەکەی دەگاتە 1143کم ،ئەگەر سەرنجی ئەم هێڵە بدەین ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت ولەئەگەری بەستنەوە ی بەهێڵە پێشنیازکراوەکانەوە نەک تەنها پرۆسەی بازرگانی گەشەدەکات بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەرگەشەی دانیشتوان .
3- هێڵی سێهەم : لە خانەقینەوە بەرەو بەغداد دەچێت و لەوێوە بۆ ڕومادی پاشان ڕوتبە ،درێژی ئەم هێڵە 744کم ، لەلایەکی تر ڕێگەی ڕوتبەش دەبەسترێتەوە بەڕومادی بەرەو کەربەلاو لەوێوە بۆ بەسرە ;ئەگەر سەرنجێکی ئەم هێڵانە بدەین جارێکی تر ناوچە کوردستانیەکان بەشێکی گرنگی ئەم هێڵانەن (خلف عياش احمد ورضا سالم داود،2022،132).

هەموو بۆ چونەکان بەرەو ئەوە دەچن کارکردن لەم پرۆژرانەدا سودو کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئابووری عێراق بەڵام مەترسی گەورە مەترسی گەندەڵیە کەببێتە بەربەست بۆ تەواو نەکردنی ئەم پرۆژرانە.

**دەرئەنجام :**

چین لە 2013 دەستپێشخەری پشتێنەو ڕێگا ی بۆ سەرلەنوێ ژیانەوەی ڕێگای ئاوریشمی کۆن ڕاگەیاند لەڕێگەی بنیاتنانی تۆڕێکی مەزنی ڕێگاوبانی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی ڕاکێشانی هێڵی بۆری نەوت و گازو کێبڵی کارەباو هێڵی ژمارەیی، بەمەبەستی خولقاندنی جەمسەرێکی نوێی هێز، ئەمەش گەورەترین پرۆژەی ژێرخانی ئابووری جیهانییە ونمایندەی گەورەترین ئامانج ودیدی جیۆئابووری دەکات لەمێژووی هاوچەرخدا، گەشەکردنی ئابووری چین لەلایەک وپاوانخوازی ئەمریکا بۆڕێگا ژیارییەکانی جیهان وتیۆرەکەی ئەلفریدماهان گرنگترین ڕەگەزی نێودەوڵەتی بوو بۆ گۆڕان و وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لەستراتیج وسیاسەتی دەرەوەی پەکین و ڕاگەیاندنی پشتێنەو ڕێگا ،وەک نەخشەیەکی

نوێی لە بازرگانی جیهانی بە دوو ئاراستەی جیۆئابووری و جیۆ سیاسی، لەئاراستەی یەکەمدا کار بۆ بنیاتنانی بازاڕێکی هاوبەشی ئۆراسی دەکات ونزیک دەبێتەوە لە ئەوروپا، لەکاتێکدا لەڕێگای جیۆ سیاسیدا دەخوازێت ببێتە هێزێکی باڵادەستی جیهانی بەپشت بەستن بەشێوازێکی نوێی پەلهاویشتن لەڕێگەی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریەوە، ئەمەش وەک هێرشێکی نەرمی ئابووری و ستراتیجی یەودەخوازێت لەچەندین ڕێگای سەرەکی ولاوەکی و ڕاڕەوی فرە لقەوە جیهان بەچینەوە گرێ بدات، پردی ئۆراسیا و هێڵی ئێران – تورکیا دووخاڵی سەرەکین بۆ باڵا دەستی چین بەم پێیەش ناوچەکەو کوردستان دەبنەوە خاڵی ستراتیجی لەم پرۆژەیەدا،ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی ئەم پرۆژەیەوکاریگەریە جیۆ سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئەوجوڵەو پەرچەکردارانەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە هێناویەتە ئاراوە ،لەبەر ئەم هۆکارە توێژەران ڕێبازی شیکاری وەسفیان لەدیاریکردنی مێژوو چەمک ومیکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا بەکارهێناوە، توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆپێشەکیەک وئاماژەیەکی جوگرافی و چوارتەوەرەی سەرەکی , لەتەوەرەی یەکەمدا باسمان لەڕەهەندە واقعی و ستراتیجیەکانی پرۆژەکە لەڕێگەی مێژووی ڕێگای ئاوریشمی وپاڵنەرەکانیەوە کردووە، لەتەوەرەی دووەمدائاماژە مان بەئامانجەجۆراوجۆرەکانی پرۆژەکە کردووە,گرنگترینیان ئامانجی گۆڕینی تاک جەمسەری جیهانییە و لەم ڕێگایەوە دەیەوێت جوگرافیاومێژوو لەپشتێنەو ڕێگادا کۆبکاتەوە، تەوەرەی سێیەم تایبەتە بەبەربەستاکانی بەردەم پرۆژەکە کەململانێی نێودەوڵەتی دەباتە قۆناغێکی نوێوە،لەتەوەرەی چوارەمدا ئاماژەمان بەپێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و کوردستانیش کردووەکە ناوچەی گرنگی وزەو ناوچەی ژیاری زلهێزەکان پاشان ئاماژە بەئامانج وبژاردەی هێزەکان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کەتوارە نوێیەو ئەو ئاستەنگ وئاڵنکاریە پێشبینیکراوەی بەهۆی یەکتربڕی جیۆ سیاسی دێنە بەردەم پرۆژەکە، لە دەرئەنجامدا گەیشتونەتە ئەو ڕایەی ئەم پرۆژەیە گوزارشت لەتێڕوانینی ستراتیجیانەی ئەمڕۆی چین دەکات وەک ڕەگەزێکی گرنگ پەیڕەوی دەکات بۆ چونە ناو پانتای نێودەوڵەتی دەخوازێت لەوڕێگایەوە چین ببێت بەپایەیەکی سیستمی نێودەوڵەتی نوێ وکاڵکردنەوەی تاک جەمسەری ،لەم پرۆژەیەدا هەندێ ناوچە وەک پردی ئەم پرۆژەیە وان وبە فەرمی بەشداری پرۆژەکە دەکەن وبایەخی گەورەیان هەیە، بەڵام هەندێ ناوچەی تر بایەخی گرنگیان هەیە بەبێ ڕێکەوتنی فەرمی، ئەمەش ئەم ناوچانە دەکات بەناوچەی هەڵواسراو لەنێوان هێزە ڕکابەرەکاندا و لەئەگەری ڕوودانی هەرناکۆکی و کێشەیەک لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا ئەم ناوچانە زیانی گەورەیان بەردەکەوێت چونکە بەرژەوەندیەکان پارێزراونابێت وەک چۆن ئەم کاریگەریەمان لە لابردنی حکومەتی عادل عەبدول مەهدی دا بینی، کەواتە ئەم پرۆژەیە بەقەبارەی سودەکانی ئەگەری زیانیشی هەیە بۆ سەر ناوچەکە .

## سەرچاوەکان :


نامەی ماستەر /بە کوردی :

1- ئەیوب ظاهرتوفیق ، سیاسەتی چاکسازی و کرانەوەی چین کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی چین – ئەمریکا (1978- 1992) نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، 2021.

نامەی ماستەر/ بە عەرەبی :

2- سميم بلحسن ،الرهانات الأستراتيجية الصينية لمشروع الحزام والطريق ،مذكرة مقدمة لأستكمال متطلبات شهادة ماستر في العلوم السياسية ،مقدمة جامعة 8 ماى 1945 قالمة ،كلية الحقوق والعلوم السياسية ،2020.

٣-رايق سليم البريزات ، مشروع الشرق الأوسط الكبير والسياسة الخارجيه الأمريكيه (الأهداف والأدوات والمعوقات )، رسالة

ماجستير مقدمة الى جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا ،2008.

کتێب /بەکوردی :

1- ئەردەڵان عەبدوڵا،چین زلهێزی نوێی جیهان ،لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی مێژووی ئابووری کۆمەڵایەتی ،چاپی یەکەم ،هەولێر،2010.
2- نبیل نللو ،ئینسکلوپیدیای جوگرافیای جیهان ،وەرگێرانی : سەفین ڵاوچاکی ، چاپی یەکەم ،2015.
3- کامەران مەنتک ،کوردستان لەپرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێدا ،چاپخانەی سەردەم ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ، 2020 .
4- جەزا توفیق تالیب ،بنەما جیۆستراتیژییەکانی هێزی چین ،چاپخانەی بینایی ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ، 2022.

کتێب /بەعەرەبی :

1- جوزيف ناى ،القوة الناعمة وسيلة النجاح فى السياسة الدولية ،دارالنشرالعبيكان ، 2007.
2- سالى نبيل شعراوى ،العلاقات الصينية الأمريكيه واثر التحول فى النظام الدولى ،الطبعة الأولى ،قاهرة ،2018.
3- شوى قوانغ ،جغرافيا الصين ،الطبعة الأولى ،دار النشرباللغات الأجنبيه بكين ،1987.
4- صباح جاسم الجنابى ،ايرالمتغيرالجيوبولتيكى فى السياسة الخارجيه الصينية تجاه تايوان ،المركز الديمقراطى العربى ،الطبعة الأولى،2012.
5- فاروق حسين ابو ضيف ،افريقيا والتنافسية الدولية تركيا .. ايران .. الصين ،الطبعة الأولى،قاهره ،2023 .
6- كاواتيمانين اليابان ،النظام السياسي في جمهورية الصين الشعبية ،بكين ،2015 .
7- محمد مزهر صالح ،مشروع الحزام والطريق والنظام العالمى الجديد ،هاتريک ،2023.

**توێژینەوە :**

8- ابراهيم سيف منشاوى ، القدرة المتكاملة : لماذا تراجعت واشنطن امام الصين فى قياده البحار ؟ مركز المستقبل ،27 يناير 2012 ، https: // futurea.ae.com > areiten
9- احمد الكاتب ،الأنخراط الحذرفى التحول الضروري للسياسة الصينية فى الشرق الأوسط ،مجله السياسة الدولية ،المجلد 54 ،العدد 214 ،31 اكتوبر2018.
10- احمد فؤاد حسين ،الأهمية الجيو اقتصادية لمبادرة الحزام والطريق الصينى وانعكاساتهاعلى الأقتصاد الدولى ،بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربي للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.

11- اسلام السيد قنديل ، المقومات الطبيعية والبشرية المؤثرة في الهيمنة السياسية للصين مجله مركز البحوث الجغرافية والكارتوجرافية – مجلة علمية محكمة – العدد 30،2020.

12- اسلام عصمت السيد قنديل ،طريق الحريروالعلاقات العربية الصينية،مجلة بحوث كلية الاداب ،جامعة المنوفية ،المجلد 31،العدد 122، 2020 .

13- اميره احمد حرزلى ،مبادرة الحزام والطريق الصينية ،الخلفيه – الٌاهداف – المكاسب بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربى للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.

14- باهر مردان مخضور، استراتيجية الحزام والطريق الصينية للقرن الحادى والعشرين ،مجلة الدراسات الدولية ،العدد 67 ، مركز الدراسات الدولية والأستراتيجية ،جامعة بغداد ،تشرين الأول ،2017 .

15- بشير زهدى ، طريق الحرير و تدمير القوافل التجارية ، مجلة دراسات تاريخية ،العددان ،39 – 40 كانون الٌاول ،1991.

16- جبران سفيان و سعيد زيدان ،التموقع الجيوسياسي للصين فى منطقة اسيا الوسطي في اطار مبادرة الحزام والطريق الصينية 2013- 2017 " دراسة حالة اوزبكستان" المركز الديمقراطي العربي للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.

17- خلف عياش احمد ورضا سالم داود ،العراق فى استراتيجية الحزام والطريق الصينية ،المجلة الدولية للعلوم الأنسانية والأجتماعية ،العدد 32 ،ابريل 2022.

18-زينب عبدالله ،الإطار النظري والمفاهيمى لمبادرة الحزام والطريق الصينية، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربى للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.

19-ساطع محلى ،طريق الحرير 1991 الطريق وسيلة وصل حضارية بين الشعوب ،مجلة دراسات تاريخية ،دمشق العددان 39 – 40 كانون الاول 1991.

20-شذى خليل ،طريق الحرير... حزام اقتصادى يربط العراق بالصين ، مركز الروابط للبحوث والدراسات الأستراتيجية ،13 ديسمبر 2017 .

21- شناز بن قنانة، الرهانات الأستراتيجية لمبادرة الحزام والطريق الصينية ، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربى للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.

22- عبدالله عشاش ،اهمية دور مبادرة " الحزام والطريق " الصينية فى القارة الأسيوية ، ، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي في العالم ،المركز الديمقراطى العربي للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصادية ،برلين ،المانيا ،2019.

23- عدنان خلف حميد و هند زياد نافع ، مبادرة الحزام والطريق : الأهداف والتحديات ،كلية العلوم السياسية ، جامعة الموصل ،2020.

24- عدنان خلف حميد و هند زياد نافع ،مبادرة الحزام والطريق : الأهداف والتحديات ،جامعة الموصل - كلية العلوم السياسية ،2020.

25- عدنان خلف حميد وهند زياد نافع ،مبادرة الحزام والطريق : الأهداف والتحديات ،جامعة الموصل ، كلية العلوم السياسية ،2020.
26- عزت شحرور،مبادرة الحزام والطريق رؤية نقدية ، مركز دراسات الجيزه ، دوحه ،2017 .
27- عزه جمال عبدالسلام زهران ،الدور المحوري للسعودية مع الصين فى احياء طريق الحرير في ضوء رؤية 2030 ، مجلة السياسة والأقتصاد ،المجلد 4،العدد 3 يوليو2019 ،جامعة نجران ،المملكة العربية السعودية ،2019.
28- عمروا محمد فريد سيد سليمان ،مشروع الحزام والطريق وتاثيره على الاقتصاد المصرى ،مجله البجوث المالية والتجارية ،2019، .. < https:// jsst. Journals. Ekb.eg
29- فيرجينا هاريسون ودانييل بالمبو ، كيف اصبحت الصين " معجزة اقتصادية " ؟ https:// www.bbc > arbic، تشرين الأول 2019.
30- قاسم محمد عبيد وربا عبد الحسين مانع ، التوجهات الأستراتيجية فى مبادرة الحزام والطريق الصينية دراسه فى التوجه الطاقوى ،قسم الأستراتيجية ،كليه العلوم السياسية ،جامعه النهرين ،العدد 62 ،2020 .
31- كرار انورالبديرى ،علاقات الصين تجاه دول الجوار الموسع : العراق انموذجا ،كراس النهرين ،العدد 15 ، مركز النهرين للدراسات الأستراتيجية ،بغداد ،2019.
32- ميران حسن حسين ،مستقبل مشروع طريق الحزام الصينى فى ظل العقبات السياسية والأقتصادية ، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربى للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصاديه ،برلين ،المانيا ،2019.
33- نادية كاظم العبودي ،مبادرة الحزام والطريق الصينية دراسة تاريخية ، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي في العالم ،المركز الديمقراطي العربي للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصادية،برلين ،المانيا ،2019.
34- نهلة محمد احمد جبر،طريق الحرير استراتيجية القوة الناعمة ،مجلة شؤون عربية ،العدد171، القاهره ،2017.
35- وفاء كاظم عباس الشمرى ، الحزام والطريق تحليل فى الجيوبولتيكس ،كليه التخطيط العمرانى ،جامعة الكوفة ،مجلة الجامعة العراقية ،العدد 44 ،ج 2 .
36- ويكن فازية ،مبادرة الحزام والطريق : بين اعادة تموقع الصين ومواجهه التحديات ، بحث قدم ضمن مبادرة الحزام والطريق الصينية : مشروع القرن الأقتصادي فى العالم ،المركز الديمقراطى العربى للدراسات الأستراتيجية والسياسية والأقتصادية ،برلين ،المانيا ،2019.

وتارو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی :

1- https:// centeforaviation.com.2018.july 2,chinz Belt and rod .Initiative and aviation.
2- https:// data.albanka.Idawli.orj / country/ china (vue Le: 10- 02 -2019 a 20:55.
3- 2 Joshua j .mark،accessed February 15،https://centreforaviation .com
4- Joshua j .mark، طريق الحرير1مايس 2018 ، world history Encyclopedia، https:// www.worldhistory. Org.> trans

5- Nadege Rolland : Chinas Eurasian Century ? political and strategic implications of the Belt and Rod Initiative ,the National Bureau of Asian Rrese ISBN 978 – 1939131508.

6- Rudaw alarabia. Net 30- 4- 2014

7- احمد سلطان ،قصه اول قطار لتصدير البضائع من تركيا الى الصين 28 ديسمبر 2020. https:// www.noonpost .com.>content ،28 ديسمبر 2020.

8- احياء طريق الحرير، ربط الصين سككيا بالعراق ،1/7/2015 ،https: // stuaies. Aljazeera. Net .

9- استئناف عمل معبر (اوزملو) المؤدى بين تركيا وايران والعراق 27-2-2021، www.cea.com.tr. https://

10- بكين تستقطب 37 رئيس دولة لشبكة طرق الحرير الجديدة ،السيسى وبن راشد يلتقيان شى ...والمانيا تطالب بالا يكون المشروع الصينى باتجاه واحد ،بكين الشرق الأوسط ،26 ابريل 2019 ، https :// aawsat.com /home/article/ 1695906.

11- ياني اضخم اسطول بحري في العالم يتحدي امريكا رصد عسكري 16- 5- 2018. https :// Arabic. Sputniknews.com/ military.

12- تامربدوى ،خط ايران تركمنستان كازاغستان الذي افتتح فى ديسمبر2014 ،ايران وتقاطعات طريق الحرير.. التاثيرات الشرق اوسطيه ،5 يناير2015. https :// www.alaraby.co.uk/ opinion

13- ثانى اضخم " اسطول بحرى "فى العالم يتحدى امريكا ، رصد عسكرى ،16مايس 2018 ، https:// Arabic.sputniknews.com/military.

دامەزراوەی فەرمی :

14- دائرة العلاقات الخارجية ،حكومة اقليم كوردستان 2018، فلاح مصطفى يستقبل القنصل العام لجمهورية الصين .

15- دائرهالعلاقات الخارجية ،حكومة اقليم كوردستان 2018، فلاح مصطفى يستقبل القنصل العام لجمهورية الصين .

16- سعيد عبد الرازق ،تركيا تستعد لتنفيذ مشروعات ((طريق الحرير)) الجديد ،21 مايو 2017 https://www.aawsat.com.

17- عادل مهدى ،اتفاق " حزام الحرير" بين العراق والصين يحكمه مبدا النفط مقابل الأستثمار، بغداد ،16 فبراير2016. https://www.alhayat.com/article/731623.

18- عبدالقادر محمد على ،" طريق الحرير الرقمى " كيف تنشىء الصين البنية التكنلوجية بافريقيا، 2ابريل 2023 www.trtarabi.com.

19- عراقيل تواجه خطه الصين لأحياء طريق الحرير،12- 11- 2017 ، https:// www.aljazeera. Net /news

20- القى الرئيس الصينى شى جين بينک كلمة فى مقر جامعة الدول العربية،القاهرة 21 يناير 2016 ،(شينخوا) ، jo. China – ambasey .gov.cn.

21- كاواشيمان سين ،اليابان تنوع سياساتها الخارجية فى زمن يكتنفة الغموض ،23- 10- 2019، nip pa com

22- محمد العربى :حرب فى الخفاء – هل يستگيع اليوان الصينى مزاحمة الدولار؟ . https;// www Aljazeera.net > authar 27/1/2024

23- محمد نورالدين ،تركيا وسياسة الجدران العازلة ،12 اكتوبر 2013، www.al.sharq.com

24- مسعود الزاهد ،ماذا تعرف عن الجدار الحدودي بين تركيا وايران ،25 ابريل ،دبى www.alavabiya.net .2018

25- مسعود الزائد ، ماذا تعرف عن الجدار العازل بين تركيا وايران ، تاريخ النشر 25 ابريل 2018 ،http://www.alarabiya.net/ar/ iran/2018/4/25.

26- معتزعلى ،افتتاح خط سكة حديد يربط تركيا واذربيجان ،2017 ، www.Alaraby .com .uk تاريخ النشر .2019

27- مها كامل ،مكاسب غيرمتكافئه ،تداعيات مبادرة الحزام والطريق على توازنات الشرق الأوسط ،14 اكتوبر2018 ، www.futareuae.com.

28- مهاتيريلغى اتفاقيات ابرمها سلفه مع الصين ب 22 مليار دولار،7 سبتمبر2018، الشرق الأوسط https://aawsat.com> hom>article

29- مهدى البناى ،القناة الجافة العراقية الحاجة الداخلية وفرص المنافسة ،15 فبراير 2022. .iraqle.conomists net

30- نورخيرى الهند والصين صراع العمالقه على تخوم الهمالايا .15 /8/202202 .05www. Aljazeera. Net. 29 اغسطس 2023.

31- وائل الغول ،طريق الحرير الصينى ،مخاوف من " فخ الديون " وعقبات قد تؤدى ل " فشل المبادرة " ،الحره ،29 مارس 2023.

32- وفاء كاظم الشمرى ،ماهو طريق الحريرالصينى ،4222200 / https// www . alweeam.com .sa

**الملخص**

اعلن الصين عن مبادرة الحزام والطريق في عام 2014 كاستراتيجية نوعية بهدف احياء طريق الحريرالقديم من خلال بناء شبكةعملاقة من تجارة البنية التحتية من طرق وجسور ومد انابيب النفط وكيبلات الكهرباء والخط الرقمي محاولة تشكيل قطب جديد لتعمل على زيادة النفوذ الصينى واحداث تغيرفي موازين القوى ,فكانت لنمو اقتصاد الصين من جهه واحتكارامريكا لطرق التجارة العالمية واهم الممرات البرية والمنافذ البحرية فى اسيا الوسطى المحرك الأساسى لأنعطافه بكين فى استراتيجيتها وسياساتها الخارجية ,فضلا عن نضريه ماهان ،وفرض عولمتها باتجاهين الأول اتجاه جيواقتصادى والأتجاه الثاني جيوسياسى ويسعى الصين فى الأتجاه الأول بناء سوق اوراسية مشتركة يقترب من اوروبا فى حين يهدف فى اتجاه الجيوسياسى لتكون قوة مهيمنة عالميا بالأعتماد على اسلوب انتشارجديد ويعتبر هذا هجوم اقتصادى مرن من خلال العديد من الطرق الرئيسية والفرعية الذى يربط الصين بالعالم منها جسراوراسيا وخط ايران – تركيا الذين

يشكلان اعمدتين مهمين لهيمنه الصين وعلى هذا الآساس يعتبرمنطقه شرق الأوسط وكوردستان من المناطق الأستراتيجية للمشروع ,والهدف من البحث تعريف وتحليل هذا المشروع وتاثيراتها الجيوسياسية والأقتصادية على مستوى الدولى والأقليمي والتداعيات وردات الفعل على تاثيرات هذا المشروع ,ولهذا اتبع الباحثان اسلوب الوصفى التحليلى فى كتابة البحث ,وقسمنا البحث الى مقدمه واشاره الى جغرافيه الصين مع اربع مباحث ،فى المبحث الاول تطرقنا الى الابعاد الواقعيه والاستراتيجيه للمشروع ،وفى المبحث الثانى اشرنا الى الاهداف المتعدده للمبادره واهمها تغير نضام القطب الواحد ويهدف الصين جمع التاريخ والجغرافيافى النطاق والحزام ، والمبحث الثالث مخصص للتحديات التى تواجه المشروع التى تفتح صفحه جديده من الصراع الدولى ،وفى المبحث الرابع اشرنا الى موقع الشرق الاوسط بشكل عام والعراق والكوردوستان كمناطق طاقه ونطاق حيوى لدول العظمى ومن اهم النتائج ان هذا المشروع يمثل الروئية والنظرة الأستراتيجية للصين ويتخذها كعنصر اساسي لدخول في المحفل الدولي ويسعى الى زحزحة نظام القطب الواحد لذا هناک تحديات سياسية واقتصادية تواجه المبادرة, يحتل مجموعة مناطق في هذا المشروع حيزا كبيرا ومهما ويشكلون جسرا لها ويشاركون رسميا في هذا المشروع ,ولكن هناک مناطق اخرى يحتلون اهمية كبرى دون الأتفاق الرسمي وهذا يجعل من هذه المناطق كمناطق معلقة بين القوى المنافسة , وعند حدوث اى صراع ياخدون حصة الأسد ومصالحهم غير مظمونة مثلما راينا عند عزل حكومة عادل عبدالمهدى ,بالنتيجه ان هذا المشروع يحمل فى طياته الكثيرمن المخاوف بحجم اهميته.

**Abstract**

China in 2013 initiated the way of silk and announced the reviving of the old route. Accordingly, they built a huge network of landways, airways, and seaways, as well as fuel pipelines, gasoline, electric cables, and number lines. Thus, it created a new strong pole, which became the biggest project.On the economic infrastructure of the world, it is characterized by the biggest aim on the geoeconomic side in modern history. Beside the progress in China's economy and the authoritarian of America for initial business routes in the world, the study of Alfred Mahan is the most important gender in international politics for changing and transitioning in the form and strategies of the outside world. Moreover, influential media or ways of transport like a new map lead world trade in two directions: geoeconomics and geopolitics. In the first direction, it works on establishing a cooperative market, which is near Europe.On the second direction (geopolitics), it admires the ability to obtain a global dominant force by depending on a new method of progressing the improvement of economic infrastructure. These agendas are like a path of soft attack between the economy, and strategies require many main ways and protentional ways. The bridge of Eurasia and Iran lines Turkey; they are the main two points for China's highness, so the place and Kurdistan become strategic points on this project.

The aim of this research is to introduce and analyze the Chinese project movement and usage of the Silk Road, showing the effects on geo-economics and geopolitics through an international or regional record. Incidentally, the path has attracted researchers to analyze and describe it as a historical source. We divided our research into an introduction and a reference to a geographic study, then talked about four theories.

On the first theory, we shared the strategies, supports, and history of the Silk Project; secondly, we talked about the various goals of China through accelerating this way; the most important goal is changing the unipolarization system in the world. Through this route, China needs to break off the world road, thus creating a manifest record in history and geography science. The third theory considered the barriers in front of the project, which are leading the international conflicts into a new phase. Besides, on the fourth theory, we analyzed the position of the Middle East among the huge countries; in addition, we stated about the most important sectors, Kurdistan and Iraq among them; moreover, we mentioned the aims and

choices of forces to conduct with the new culture and the barriers or revolutions that were expected because of the geopolitical connection of the project.

As a result, the project reveals the strategic conception of China nowadays; they are following the system as a significant method to enter the universe path; China would become a place of international system and determining the route of unipolarism. Some areas are like bridges in this project and officially participate in the project and have great importance, but other areas have important importance without official agreement, which makes these areas suspended between rival forces, and in case of any conflict or problems in the implementation of this project, they will benefit because their interests will not be protected, as we saw in the removal of the government of Adel Abdul Mahdi, so this project has the potential to harm the region as much as the benefits.

Kurdistan is of great importance in this project, and two lines and several secondary roads that pass through it will become a link area that is expected to further connect the regions. This new situation will have a positive impact on trade and the economy. This prediction has increased the fear of the occupying countries of Kurdistan, especially Turkey. For this reason, Turkey considers it a threat to its security and has decided to build a wall between the neighboring countries. Of course, during any Kurdish political movement, it uses military force.